PAPER DETAILS

TITLE: ??????????? ???????????? ????????? (???????) ?? ?????? ????????????? ??????

AUTHORS: Yadollah PASHABADI

PAGES: 109-140

ORIGINAL PDF URL: https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file/1627613

Kurdiname
Akademik
Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Uluslararası Kurdiname Dergisi
International Journal of Kurdiname

Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Jimar: 4 Nîsan 2021

International Journal of Kurdiname
Issue: 4 April 2021

https://dergipark.org.tr/en/pub/kurdiname E-ISSN-2687-5438

# شێوازناسیی واتاناسانەی بانگهێشت (مونادا) لە شیعری ئەحمەدموختار جافدا

(INDEXICAL STYLISTICS OF THE VOCATIVE IN AHMEDMUKHTAR JAFF'S POETRY)

یەدوڵڵا پەشابادی*

**Article Type:** Research Article // Gotara Lêkolînî
**Received // Hatin:** 09.03.2021
**Accepted // Pejirandin:** 28.03.2021
**Published // Weşandin:** 30.04.2021
**Pages // Rûpel:** 109-140

This work is licensed under the Creative Commons Attribution International License (CC BY 4.0).
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

**Citation/Atif:** یەدوڵڵا پەشابادی (2021). شێوازناسیی واتاناسانەی بانگهێشت (مونادا) لە شیعری ئەحمەدموختار جافدا, *Kurdiname*, no. 4, p.109-140
**Plagiarism/Întîhal:** This article has been reviewed by at least two referees and scanned via ithenticate plagiarism website // *Ev gotar herî kêm ji alîyê 2 hakeman va hatiye nirxandin û di malpera întîhalê ithenticate ra hatiye derbaskirin.*

## پوختە

ئەحمەدموختار جاف وەک شاعیرێکی ڕۆشنگەر و خاوەن فیکر و هزر و ئەندێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگای خۆی کردۆتەوە. خوێندنەوەی شیعرەکانی زۆر لایەنی ڕەوانبێژی و ڕیتۆریک و ڕەخنەییمان بۆ دەردەخات. ئەم شاعیرە لە کەڵک وەرگرتن لە بانگهێشتدا خاوەن ئەدگارێکی واتاناسانە بووە؛ چونکە وەک ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕوونی دەکاتەوە، زۆر ڕەهەند و لایەنی شیعری و هونەری لە بانگهێشتەکانیدا بەدی دەکرێت. ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی تەوسیفی-شیکاری سەرجەم شیعرە کوردییەکانی داوەتە بەر پشکنین و لێکۆڵینەوە لە بابەتی بانگهێشت و کارکرد و دەور و کارتێکەرییەکانی لە خولقاندنی واتا و دەلالەتدا. بانگهێشت لە شیعری ئەحمەدموختاردا زۆر جار بە ئامرازەکانی بانگکردن (ئەی، ـا، یا، ە/ـە/ـینە، ئەی+ـا، ئەی+ـە/ـینە، وا) بووە و زۆر جاریش بەبێ ئامراز؛ گیاندار و بێ‌گیان و مرۆڤ و غەیری مرۆڤی بانگ کردووە. وشە/ناو/ئاوەڵناو/دەستەواژە/ساڕستە/ڕستە/لێکدراو لە بانگهێشتەکانیدا بەدی دەکرێت کە لە هەر یەکیاندا دەلالەتێکی تایبەتی خولقاندووە. بانگکراوەکانی ئەحمەدموختار زۆر بەربڵاون و خوا، سروشت، نیشتمان، خەڵک، خۆی و دڵبەرەکەی و چەند کەسی تایبەت دەگرێتەوە کە بۆ هەر یەکیان چەندین واتا و دەلالەت وەردەگیردرێت. شوێنی بانگهێشتەکانیش لە ڕستەدا سەرەتا، ناوەڕاست، ناو دڵێ ڕستە، کۆتایی ڕستەیە، و زۆرترین بانگهێشتەکانی ئەحمەدموختار لە ناوەڕاستی ڕستەدایە.

**وشەکلیل:** ئەحمەدموختار جاف، بانگهێشت، مونادا، شێواز، واتاناسی.

## Abstract

* مامۆستای یاریدەدەری زمان و ئەدەبی کوردی، زانکۆی کوردستان و ئەندامی لێژنەی زانستیی توێژینگەی کوردستان-ناسی

Email: y.pashabadi@uok.ac.ir , Orcid: 0000-0002-5781-4975.

Ahmedmukhtar Jaff is known in Kurdish Literature as a poet and social and political intellectual and thinker. Several literary, rhetoric, and critical aspects can be identified in his poetry. In his utilization of vocatives, he has held specific stylistic and semantic characteristics, since a large number of semantically significant perspectives are manifested in the investigation of his vocatives, as demonstrated by this research. This descriptive-analytical study examined all his Kurdish poems to analyze the vocatives and their functions, positions, and impacts in the creation of meaning. Vocatives have appeared in Ahmedmukhtar's poetry in a few ways: with interjections (/aj/, -/ɑː/, /jɑː/, -/a/, -/ejna/, /aj/+-/ɑː/, /aj/+-/ejna/, and /wɑː/) and without them. Furthermore, his range of vocatives has involved animate, inanimate, human, and non-human. Words, nouns, adjectives, phrases, adjuncts, sentences, and combinations can be observed on his list of vocatives, each accompanied by the creation of a certain index. Ahmedmukhtar has employed a quite wide range of vocatives, including God, nature, homeland, people, himself, his beloved, and a few specific individuals, with certain indices involved in their addressing. Vocatives can be located at the beginning, middle, heart, and end of sentences, most of which in Ahmedmukhtar's works have been of the latter type.

**Keywords:** Ahmedmukhtar Jaff, Vocative, Style, Semantics, Content Analysis.

## 1-پێشەکی

ئەحمەدموختار جاف بە نیسبەتی کۆمەڵ و میللەت شاعیرێکی خاوەن بیر و هزر و ڕۆشنگەرییەکی بەرچاو بووە. لە شیعرەکانیدا زۆرێک بانگهێشتی بەکارهێناوە، بەو شێوەیەی کە ببێتە ئەدگارێکی شێواز و هونەری شیعریی ئەم شاعیرە و وەک تایبەتمەندییەکی زەق و بەرچاو لە زۆربەی شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت. بانگهێشت خۆی وەک جەختکردنە لەسەر بابەت و ئاوڕدانەوەیەکی واتادارانەیە بۆ مەبەستێک. لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە لە شیعری ئەحمەدموختاردا چەند ڕەهەند و لایەنێکی گرینگی هونەر و شێوازی شیعریی ئەم شاعیرەمان بۆ دەردەخات.

## 1-1- سەرەتا

ئەحمەدموختار جاف کوڕی وەسمان پاشا، پاشای گەورەی جافە و ساڵی ١٨٩٦ لە هەڵەبجە چاوی بە دنیا هەڵێناوە (حیلمی، ٢٠١٠: ٢٠). لە ماوەی ژیانیدا وەک عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (جاف، ١٩٨٦: ١٦) دەڵێت: نووسین و کرداری یەکیان گرتۆتەوە. شاعیرێکی بەڵێندار و ئەمەگدار بە کۆمەڵگا و ئامانجی نیشتمانی بووە. زمانی گەلێک پاراو و پڕ بەهرەی زمانی و ڕیتۆریکە. ناوەرۆکی هونەری شاعیرییەکەی زاڵە بە سەر لایەنەکانی تری شیعریدا.

## 2-1-پێشینە

ڕەنگە وەک یەکەمین لێکۆڵینەوە دوای گەڕان و سەرنج دان، بچینەوە سەر ئەو پێشەکییەی کە پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (١٩٨٦) بەسەر دیوانەکەی شاعیردا دایناوە کە تێیدا ئاوڕی لە ژیان و بەرهەم و هونەری شیعریی شاعیر داوەتەوە. هەروەها دواهەمین چاپی دیوانی شاعیر کە کاروان عوسمان خەیات (٢٠١٩) وەک کۆبەرهەم ئامادەی کردووە، هەندێ توێژینەوەی قووڵتر و پسپۆڕانەتر و ئاوڕدانەوەیەکی زیاتر لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی تێدا بەدی دەکرێت. لە باری مێژووییەوە، ڕەفیق حیلمی پێشەنگی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئەم شاعیرە دێتە ئەژمار کە لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا (١٩٤٦ و ١٩٥٨) باسی شاعیر و ژیان و بەرهەمی کردووە و ئاماژەی بە کۆنەکراوەیی شیعرەکانی کردووە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە چەند نموونەیەکی لێکداوەتەوە. حەمیدعەبدولکەریم (٢٠٠٠) لە کتێبی ئەحمەدموختار جافدا بە دوور و درێژی توێژینەوەی تێر و تەسەلی لەسەر

ژیان و بەرهەم و ڕەوتی شاعیریی ئەحمەدموختار کردووە. یەک دوو ئاماژەی پێوەندیدار بە بابەتی ئەم وتارەمان لە کارەکەیدا بەدی کرد.

وەک لێکۆڵینەوە لەسەر بانگهێشت و دەور و کاریگەریی لە شیعردا زۆر سەرچاوەی گشتی و تایبەتی ئامادە کراوە کە لە هەندێکیان سوودمان وەرگرت. وەک توێژینەوەیەک بە ناو «سبک‌شناسی جملات ندایی در غزلیات حافظ» (۱۳۹۷) کە بە زمانی فارسی ئەنجامی دراوە و لە بارِی شێوەی لێکۆڵینەوە و چوارچێوەی کارەکەوە کەڵکمان لێ وەرگرت. هەروەها محەمەد فازڵیش (۱۳٦۷) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لە ژێر ناوی «اسلوب‌های ندا و نفی جنس در نقد و تطبیق» لە چۆنێتی و دەور و کاریگەرێتی بانگهێشت لە شیعر و ئەدەبیاتدا زۆر بابەت و خاڵی گرینگی باس کردووە و لە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە شیعری ئەحمەدموختاردا هەیە، سوودمان لێ وەرگرت. دیارە هیچ کام لەم لێکۆڵینەوانە پێوەندییەکیان بە بانگهێشت لە شیعری ئەحمەدموختاردا نەبووە و لە ڕاستیشدا گەڕان بە شوێن کارێکی وەهادا ئەنجامی نەبوو، بۆیە دەست دان بەم کارە گرینگ و پێویست هاتە پێش چاو.

## 2- پێناسەی بانگهێشت

لە ئاقاری زمان و وێژەدا تەنیا ئەوەی کە شیاوی بانگ کردن بێت، بانگ دەکرێت؛ واتە گیانداری خاوەن هزر، کە مرۆڤە. بەشێک لەم بانگهێشتانە دەگەڵ ڕێ و شوێنگەلی شاعیرانەدا کە خواستنی درکاوی پێ‌دەڵێن، یەک دەگرنەوە، چونکا بنیاتی هەردوو لەسەر مرۆڤ‌شێوەیی و گیاندارخوازییە (کزازی، ۱۳۹۳: ۲۳۰). لە شێوازی ئەدەبیدا هەموو شتێک گیاندار دێتەئەژمار و لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان گیاندار و بێ‌گیاندا نامێنێت؛ بۆیە بێ‌گیانەکانیش بانگ دەکرێن و دەکرێنە بەردەنگ (شمیسا، ۱۳۹۳: ۱۸٦). بانگهێشت ئاقارێکی زۆر بەرین و بەربڵاو و بێ‌سنوورە، چونکە گیاندار و بێ‌گیان و دژەماکی و واتایی و بە گشتی هەموو شتێک دەگرێتەوە.

بانگهێشت یا بە ڕاستی دەبێت؛ وەکوو ئەوەی دەڵێیت: کوری خۆم! وەرە! یا لە حوکمی بانگ کردندا (عبدالعزیز قلقیلة، ۱۹۹۲: ۱۸۱)، وەک: هۆ لووتکەی بەرز! (شێرکۆ بێکەس) کە ئەم شێوەی دووهەمە دەتوانین بە بانگهێشتی مەجازی ناوزەد بکەین. جا ئێمە دەتوانین لە ژێر ئەم دوو بەشەدا پۆلێنبەندی بکەین و بابەتەکە شرۆڤە بکەین. یەکەمی هەر بە بانگهێشتی ڕاستەقینە (حەقیقی) ناو بەرین و دووهەمی بە بانگهێشتی ڕەوانبێژانە (مەجازی).

بانگهێشت ئەوەیە کە بە دەنگ، ئامراز، وتە یا وشەیەک داوا لە کەسێک بکەیت کە بێت بەرەو لات. لە زمانی کوردیدا بۆ بانگ کردن، لە ئامرازی ئەی، هۆ، یا، وا، واها، وەها، هەی، ئای، و ... کەڵک وەردەگیردرێت. لە ناو ئەم ئامرازانەدا "هۆ" بۆ دوور، واتە بۆ بانگ کردن لە کەسێک/شتێک کە لە قسەکەرەوە دوورە، بەکار دەبرێت. "ئەی" و "یا" زۆرتر بۆ نزیک؛ بەڵام جاروبارەش بە بێ جیاوازی بۆ هەردوو دەکار دەکرێت. ئامرازی بانگهێشت لە ڕاستیدا دەوری جێگر دەگێڕێت. سیبەوەیهـ (تیاچووی ۱۸۰ ک.) پێشەوای زانایانی ڕستەسازی ئامرازی بانگهێشت بە جێگری کردارێک دەزانێت کە لەبەر زۆری کاربرد وەلا نراوە (۱۹۹۸: ۲۹۱/۱). بەپێی لێکۆڵینەوەی شەمیسا ئامێری "ئەی" و "وەی" -دیارە لە زمانی فارسیدا- جار بە جار واتای زۆری و بە گەورە زانین دەگەیێنن و دەبنە هاوواتای چ/چە لە ڕستەی سۆزداردا (شمیسا، ۱۳۹۳: ۱۸۷). جاری واش هەیە کە ئامێرەکانی بانگهێشت کاربردێکی یەکسەر جیاواز پەیدا دەکەن؛ بەو شێوەیە کە لە ڕاستیدا چیدی ناکرێت بە کەرەسە و ئامێری بانگهێشت بژمێردرێن؛ چونکا بە ڕاستیش خۆ هەرا لە کەس ناکرێت و کەسێکیان پێ‌بانگ‌ناکرێت. لەم حاڵەتانەدا بۆ زیادەبێژی و قورسیی واتا کەڵکیان لێ-

وەردەگیردرێت. بۆیە ڕەوا نییە بە بانگهێشتیان بزانین؛ چونکە هەر ڕیخت و فۆرمی بانگهێشتیان پێوەیە و بەس (کزازی، ١٣٩٣: ٢٣٦).

ئێستە وەک فازڵی دەڵێت: لە بانگهێشتدا لانی کەم وەک پێشەکی و بنەڕەت دوو شت دیارە: داوای هاتن و مەودای مەکانی (١٣٦٥: ١٢٩). دیارە جاری واش هەیە کە هەر یەک لەم ئامرازانە کە بۆ نزیک بەکاردێن، کەس/شتێکی دووریشیان پێ بانگ دەکرێ؛ جا یا لەبەر ئامادەبوونی ئەو کەس/شتەیە لە زەینی قسەکەردا کە ئیتر وەک نزیکی لێ هاتووە، لە دڵیدایە و وەکوو ئەوەیە لە پاڵیدا یا لە بەرامبەریدا بێت. هەر بەو چەشنە جار-جاریش ئەوەی دوورە بە ئامرازی نزیک بانگ دەکرێت؛ بۆ ئەوەی کە ئاماژە بە شان و شکۆ و گەورەییەکەی بکرێت، یا خود بۆ ئەوەی کە کەم/بێبایەخی و نزمی جێگە و پێگەی پیشان بدرێت؛ یا بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە لەبەر پەشۆکاوی یا بێئاگایی وەکوو ئەوەیە کە لەوێ نییە و وەکوو غایبە (الهاشمی، ١٣٧٩: ٦٧).

بانگهێشتی ڕەوانبێژانەش (ناڕاستەوخۆ) بۆ خۆی دوو شێوازی هەیە؛ یەکێکی هەمان بانگ کردنی حەقیقییە کە ئاماژەی پێکرا. شێوازەکەی تری ئەوەیە کە بانگهێشت بە گشتی لە واتای هاتن و ڕووکردنە کەسێک دەردەچێت و نزیک یا دوور بوونی تێدا بە تەواوەتی لە بیر دەچێتەوە. لە ڕاستیدا لەم حاڵەتەیدا بانگهێشت پێستی واتای حەقیقی و ناوەرۆکی سەرەکی خۆی دادەکەنێت و لەو شێوازەکەی تر جیا دەبێتەوە؛ شێوازی یەکەم ڕۆح و بۆن و شوناسی بانگ کردنی تیایە، کەچی ئەم شێوازە ئامانجگەلێکی تر ڕەچاو دەکات و دژی ئەو شێوازەیە؛ لەم شێوازەدا لە دەور و کارکردی ئاسایی و باوی خۆی لادەدات و بۆ مەبەستێکی تر بەکاردەگیردرێت کە ئەو مەبەستە دەبێت لە ڕووی نیشانە و هێما و ئاماژەوە دەرک بکرێت. ئەو کارەش بێگومان لەبەر خاڵێکی بەس ورد و ناسک و گرینگە. هەندێک لەو مەبەستانە بریتین لە: هاندان (بۆ کارێکی شیاو)، وەک بە ستەملێکراوێک کە هانای بۆ تۆ هێناوە دەڵێیت: ئەی ستەملێکراو! (الهاشمی، ١٣٧٩: ٦٧-٦٨)؛ دادخوازی (هەمان: ٦٧-٦٨). زۆر جار بانگهێشت و هەرا کردن نیشانەی فریاخوازی و دادخوازییە (کزازی، ١٣٩٣: ٢٣٦). وەک یا ئەڵڵا بگەرە فریای ئیمانداران!؛ شین و واوەیلا (الهاشمی، ١٣٧٩: ٦٧-٦٨)؛ سەرسوڕمان (هەمان: ٦٧-٦٨) وەک وای لەو کارەساتە دڵتەزێنە!؛ دوور کردنەوە (هەمان: ٦٧-٦٨)، وەکوو هەی لە گۆڕی!؛ دەرد و حەسرەت (هەمان: ٦٧-٦٨) وەک ئەی خوا!؛ بیرئانین و یاد کردن (هەمان: ٦٧-٦٨)، وەک ئەی ڕۆژگار! کوا خۆشی جاران؟؛ سەرگەردانی و بێئۆقرەیی (هەمان: ٦٧-٦٨)، وەکوو ئای دووری! کەی تەواو دەبیت؟؛ تایبەتێتی، وەک خۆم بە خۆمم کرد ئەی کابرا! (هەمان: ٦٧-٦٨). یا وەک: ئێمە گەنجینەی وڵاتین ئەی خوێندکاران! (فاضلی، ١٣٦٥: ١٣١). لە تایبەتێتیدا چیدی مەبەست بە هیچ شێوەیەک داوای هاتن نییە، چونکە ئەو کەسەی لێرە بانگ دەکرێت بەردەنگ نییە -لەڕاستیدا بەردەنگێک لە ئارادا نییە-، بەڵکوو هەمان قسەکەر خۆیەتی و هەر ئەویش مەبەستە (عبده قليقلة، ١٩٩٢: ١٨٥). هەروەها لەم شێوازەیدا بۆ سووکایەتیش بەکاردەبرێت (هەمان: ١٨٥)؛ بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و نازداریش دێتەکار (هەمان: ١٨٥)؛ بۆ لۆمە و ئاگادار کردنەوە (کزازی، ١٣٩٣: ٢٣٣)؛ بۆ دەربڕینی جەخت و پێداگری لەسەر شتێک/بابەتێک (لێرە هاتنی بەردەنگ)؛ چونکە نەفسی ئینسان کاتێک شتێکی دەوێت تا پێی دەگات کات و شوێن بە دوور و درێژ دەزانێت؛ خۆشەویستی (أبوحاقة، ١٩٩٦: ٧٧)، وەک: مەحبووبم!؛ زۆر جاریش دەتوانێت واتای هەواڵ دان بگەیێنێت (التهانوی، بێ.ت.: ١٢٨٤).

**2-1-ئامانجی بانگهێشت**

بانگهێشت جگە لە چەندان ئامانجی گرینگ وەک دەربڕینی داخ و کەسەر و سەرسوڕمان و خۆشەویستی و ...، لە کورتبڕی و زوو گەیاندنی مەبەستدا دەورێکی گەورە دەگێڕێت. دوکتور فازڵیش (١٣٦٧: ٥١٦) جگە لەمانە ئامانجی بانگهێشت بە جەخت لەسەر بابەت و بەهێز کردنی و سەرنجپێدانی، دەزانێت.

**2-2- شێوازەکانی بانگهێشت**

بانگهێشت زۆرتر بە یەکێک لەم شێوازگەلە ئەنجام دەدرێت (فاضلی، ١٣٦٥: ١٣٣-١٣٤): دەستووور بە ئەنجامدان یا ئەنجامنەدانی کارێکی لەگەڵدایە؛ جا بانگهێشتەکە یا لە پێشەوە دێت، وەک: خزمینە! مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا! (تاڵەبانی، ١٣٩٢: ٣٣)، یاخود لە دواوە، وەک: لۆمەی نالیی دێوانە مەکەن، ئەی عوقەلا! (نالی، ١٣٩٢: ٥٩٢)؛ هەندێک جار ڕستەیەکی هەواڵدەری بە دوادا دێ کە ئەویش دەچێتەوە سەر دەستوورێک؛ وەک یا أیها الناس ضرب مثل، فاستمعوا له (الحج: ٧٣)؛ یا ڕەنگە دەستوورێکیشی بە دوادا نەهاتبێت. ڕستەیەکی پرسیاریی بە شوێندا دێت؛ وەک: یا أبت لم تعبد ما لا یسمع و لا یبصر (مریم: ٤٢). بانگهێشت زۆرتر لە ڕستەی پرسیاری و دەستووریدا بەکاردێت (شمیسا، ١٣٩٣: ١٨٦).

**2-3-دابەشکاری بانگهێشتەکان لە شیعری ئەحمەدموختاردا**

**2-3-1-پۆلێنبەندی بانگهێشتەکان**

ئاسۆی بانگهێشتی ئەحمەدموختار زۆر بەرینە و گەلێک ئاقاری جیاجیا و بواری جۆربەجۆر دەگرێتەوە. دەتوانین بەم شێوە ڕیزبەندییان بکەین:

– پەروەردگار: خودا، خوداوەند، خوا، ڕەبب، ڕەببی.
– ڕەگەزی سروشتی: با، هەوری بەهاری، چەرخ.
– نیشتمان و خەڵک: وەتەن، میللەت/قەوم، کورد، میللەتی کورد، خەڵق، عەشرەت، خزم و قەوم.
– ئەندامی جەستەی مرۆڤ: چاو، دڵ، بەنی جەرگ و پەڕەی دڵ.
– خودی شاعیر: ئەحمەد، ڕۆح/گیان/جان.
– خۆشەویستەکەی: دولبەر، نیگار، یار، سەنەم، بت، شاهـ، ماهـ/مەهـ، قوربان (هەروەها بۆ کەسانی تریش هێناویەتی)، شۆخ، کافر، نووری چاو، ڕاحەتی جان، لەیلەکەی ئەسڵ.
– خاوەنپیشە و تاقم و چینی کۆمەڵگا: تەبیب، قەنناد، ساقی، عاشق، زاهید، واعیز، وشکەسۆفی، ڕەفیق(ـان)، یار(ان)، شاعیر/شاعیرانی کورد.
– کەسانی تایبەت: کەمالی (مەبەست عەلی باپیرئاغا بە نازناوی کەمالی، شاعیری هاوسەردەمی ئەحمەدموختارە)، حەسەن (خوشکەزای)، سەلاحەدینی ئەیووبی (بۆ شێخ مەحموود)، مەجنوون، یووسفی کەنعان (بۆ یارەکەی)، مارف (مەبەستی میرزا مارف، شاعیری هاوسەردەمی خۆیە)، مەحمەلی لەیلا، برا گیان، مەلا عیسا.
– تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئینسانی: وەفادار، بێوەفا، عەزیز، دڵئازار، نازەنین، پەری-پەیکەر، شۆخ، مەحبووب، ڕەعنا، نەفام، ڕەقیب، شێت، جێگەی هیوا، بێمرووەت، قۆڵهەڵکراو، بەدخوو، بێکەس، مەزڵووم، هەورامینەسەب، بەد، حاڵزان.
– پێداویستی و کەرەسە: دەرد و دەرمان، چرا، بناغەی عیلم و سەنعەت، یانە.
– ڕووەک و گیانلەبەران: گوڵ و بولبول، سەرو.

خشتەی ١ :پۆلێنبەندی بانگکراوەکانی شیعری ئەحمەدموختار




وەک لەم وێنادا دەبینین یارەکەی کە بە چەندین ناو بانگی کردووە، لە بەرزترین پلەی ئامادەبووندایە لە شیعرەکانی ئەحمەدموختاردا. واتە لە سەتا گەیشتۆتە پلەی ٨٥، کەچی پلەی دووهەم بەر تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئینسانی دەکەوێت کە ئەویش لە سەدا ٦٥ـە و زۆرتر بۆ خۆشەویستەکەی سیفەتگەلێکی لە بانگ کردنیدا بەکارهێناوە. کەمترین پلەش لە پێداویستی و کەرەسەدا دەبینرێت. ئاکامی ئەم لێکدانەوەیە گرنگی چەند بابەتێکی وەکوو دڵبەر و سیفاتەکەی و ئەوین و ئەویندارى و خۆشەویستی دەگەیێنی؛ کەواتە ئەحمەدموختار لە پلەی یەکەمدا وەک شاعیرێکی غەرامی دێتە ئەژمار. بابەتی سەرەکی تر لە شیعری ئەحمەدموختاردا نیشتمان و خۆشەویستی وڵات و هاوار بۆ ئاگاکردنەوە و تێکۆشان بۆ خەڵک و نیشتمانە. کۆی باس ئەوەیە کە شاعیرێکی غەرامی و نیشتمانپەروەرە.

### 2-3-2-بە پێی هەبوونی ئامرازی بانگهێشت

هێنانی ئامرازی بانگهێشت جگە لە خوڵقاندنی چەندین واتای تایبەت، زۆر جار لەبەر دووری بانگکەر و بانگکراوە بە یەکەوە. بە هاتنی ئامراز دەنگ بەرز و درێژ و مەوداپڕ دەبێتەوە. گرنگترین ئامرازی بانگهێشت لە شیعری ئەحمەدموختاردا بریتین لە ئامرازی "ئەی" کە لە سەرەتاوە یانێ بەر لە بانگکراوەکە دێت؛ ئینجا بە ڕیز ئامرازی "ا" (لە پاشەوە)، ئامرازی "ئەی" (لە سەرەتاوە)+"ە/ـە" (لە پاشەوە)، ئامرازی "ئەی" (لە سەرەتاوە)+"ا" (لە پاشەوە)، ئامرازی "ە/ـە" (لە پاشەوە)، ئامرازی "ـینە"؛ ئامرازی "یا" و ئامرازی "وا".

#### أ- ئامرازی ئەی

ئەحمەدموختار سەدوشازدە جار ئەم ئامرازەی بۆ بانگ کردن بەکارهێناوە. بەم ئامرازە چەند دەستە و تاقمی بانگ کردووە کە بریتین لە: ناوی تایبەت (وەک: حەسەن (لە شیعرێکدا دوو جار بانگی کردووە و خوشکەزایەکی خۆی بووە (جاف، ٢٠١٩: ٢٠٤))، کەمالیی شاعیر (عەلی باپیرئاغا)، سەلاحەدینی ئەیووبی (بۆ شێخ مەحموودی نەمر)، مەلا عیسا ناوێک، یووسفی کەنعان (بۆ یارەکەی)، شەمسە (شەمسە خانی کچی

شاعیر)؛ خۆشەویستەکەی کە بە دولبەر، وەفادار، گوڵ، نیگار/ـی بێوەفا، گیان، عەزیز، یار/شۆخ/ی دڵئازار/بەدخوو/پەریپەیکەر، شاهی خووبان، بەنی جەرگ و پەڕەی دڵ، ماهـ/مەهی تابان، تێغی بڕران، سەنەم، گوڵی باغان، سەروی بوستان، ڕاحەتی جان، نووری چاو، بتی ڕەعنا/پەیمانشکێن، ئافەتی جان و دڵ، و ... ناوی دەبات؛ خودا؛ خۆی (ئەحمەد)؛ وشکەسۆفی؛ نەفام (مەبەستی میرزا مارف، شاعیری هاوسەردەمی خۆیە)؛ تەبیب؛ میللەت/قەوم (مەبەستی گەلی کوردە)؛ وەتەن؛ ڕەفیق/ان.

**ب- ئامرازی یا**

ئامرازی یا پێنج جار بەکارگیراوە و چوار جاری دەگەڵ ڕەبب/رەببیـدا هاتووە، یەک جاریش لەگەڵ خوادا؛ ئەمە بەو واتایەیە کە لە شیعری ئەحمەدموختاردا زۆرترین بەکارگیرانی ئامرازی یا لە بانگهێشتدا لەگەڵ وشەی ناوی خودادا (خوا، ڕەبب)ـدا دەبینرێت و ئەم بەکارهێنرانیشە لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە و لە ژێر کارتێکەری ئەو زمانەدا پێکهاتووە.

**ج- ئامرازی ـا (لە پاشەوە)**

ئامرازی ـا وەک پاشگرێک بۆ بانگهێشت بە دوای چەندین وشەوە بەکار گیراوە؛ لەوانە هەر لەگەڵ وشەی جانـدا (واتە: جانا و ئەی جانا) ٤٦ جار هاتووە. هەروەها لەگەڵ وشەگەلی تریشدا هاتووە؛ کە گرنگترینیان بریتین لە: نیگار (٥ جار)، دولبەر (٧ جار)، خودا (٣ جار) و عەزیز (١ جار).

**د- ئامرازی لێکدراوی ئەی (لە پێشەوە) و ـا (لە پاشەوە)**

لێرەدا دەبینین کە ئامرازی ئەی کە جێگەی بانگ پێکرانی سەرەتای وشەیە، هاتووە و لە کۆتایی وشەی بانگکراویشدا ئامرازی ـا کە ئەویش وەک ئامرازی بانگهێشتی سەربەخۆ لە کۆتاییەوە دەنیشێت، بە دوای وشەی بانگکراودا هاتووە. ئەم ئامرازە لێکدراوە لە شیعری ئەحمەدموختاردا لەگەڵ وشەی جاندا (ئەی جانا! (هەمان: ٩٦، ٩٨، ١٣٢)) هاتووە و بەس، ئەویش سێ جار.

**ه- ئامرازی لێکدراوی ئەی (لە پێشەوە) و ه/ـە (لە پاشەوە)**

ئەم پێکهاتەیە هەر لە بیچمی ئامرازی لێکدراوی پێشوودا دوو جار لەگەڵ دڵ (ئەی دڵە! (هەمان: ١٠٠، ٢١٠)) و یەک جار لەگەڵ شێتدا (ئەی شێتە! (هەمان: ١٧٥)) هاتووە.

**و- ئامرازی ه/ـە/ـینە**

ئامرازی ه/ـە وەک پاشگرێک بۆ بانگ کردن چوار جار نیشتۆتە پاشووی وشەی خەڵق-ـەوە (خەڵقە! (هەمان: ١٢٠، ١٣١، ١٤٦، ١٩٤)) و شێوازێک لە بانگهێشتی خولقاندووە. پاشگری ـینەش هەر لەو کارکردەدا پێنج جار (سێ جار بە شێوەی خەڵقینە! (هەمان: ١٤٠، ١٤٤، ١٤٤)، جارێک بە شێوەی قەومینە! (هەمان: ١٤٤) و جارێکیش بە شێوەی کوردینە! (هەمان: ١٩٢)) ئەرکی بانگهێشتی جێبەجێ کردووە.

**ز- ئامرازی وا**

ئەم ئامرازە لە زمانی عەرەبیدا بۆ بانگ و هاوار کردن لە کەسێ بە مەبەستی شین و واوەیلا کردن و لە پێشەوەی بانگکراوەوە بە کار دەڕوات (سیبویە، ١٩٩٨: ٢/٢٢٠). لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بۆ ئەم مەبەستە کاربردێکی ئەوتۆی نییە. کەچی دەبینین شاعیر لە شیعرێکیدا دوو جار بە مەودای چەند وشەیەک بەر لە بانگهێشت کەڵکی لێ وەرگرتووە و خاڵی گرنگ و شێوازناسانەی بە کارگرتنی ئەم ئامرازە ئەوەیە کە بە سەر یەک وشەی دیاریکراودا نەهاتووە، بەڵکوو بەسەر دەڕپرینێکی چەند وشەییدا لە هەمان واتای ناسراوی زمانی عەرەبیدا هێناویەتی و سەد ئەڵبەتە شاعیر باسی کوژران و چاک چاک بوونی دڵیشی تێدا کردووە:

وا کە کوژراوی برۆی تۆم چاوەکەم! السلام ئەی تێغی بوڕران! السلام

وا کە چاک چاکە دڵی من ئەی السلام ئەی دەرد و دەرمان! سەنەم! السلام

(جاف، ٢٠١٩: ١١٣)

واتە هاوار و وەیرۆ دەکات کە ئەی چاوەکەم! و ئەی سەنەم! من کوژراوی بڕۆی تۆم و دڵم چاکچاکە، بەو حاڵەشەوە سڵاو بۆ تۆ ئەی تیغی تیژ (بۆ کوشتن) و ئەی دەرد و دەرمان (بۆ لەت لەت بوونی دڵ). نابێت ئەوەش پشت گوێ بخەین کە "وا" لەم بەیتانەدا دەکرێت بە هەمان واتای باوی خۆی بێت کە «وەها» و «بەم شێوەیە» و شتی لەم بابەتە دەدات.

**ح- بێ ئامرازی بانگهێشت**

بە کار هێنانی بانگهێشت بێ ئامراز زۆر جار لەبەر ئەوەیە کە قسەکەر (بانگهێشتکەر) بە بانگکراوەوە نزیکە. هەندێ جاریش لەبەر پەلەی دەرپرینی ناوی بانگکراوە، وەک لە زمانی عەرەبیشدا باوە (السامرائی، ٢٠٠٠: ٣٢٢/٤). شاعیر بە بێ ئەوەی لە ئامرازی بانگهێشت کەڵک وەربگرێت، ئەم ساختانەی ئافراندووە. ئەو بانگکراوانەش بەبێ ئامراز خولقێنراون، بریتین لە: قوربان (٩ جار (ئەحمەدموختار، ٢٠١٩: ٨٢، ٩٢، ٩٤، ١٢٣، ١٨٨، ١٩٨، ٢١٥، ٢٢٤، ٢٢٥))، عاشق (١١ جار (هەمان: ١١٢، ١٢٠، ١٣٢، ١٥٩، ١٨٦، ٢٠٣، ٢٠٥، ٢٠٥، ٢١٠، ٢١٧ (کۆمەڵی عاشق)، ٢٢٠))، خودا (٣ جار (هەمان: ٩٦، ١٤٩، ١٥٤))، دولبەر (٣ جار (هەمان: ١٠٠، ١٥٢، ٢٠٣))، ڕەفیق (٢ جار (هەمان: ١٩٤، ٢٢٢))، ڕەفیقان (٢ جار (هەمان: ١١٨٧، ١٩١))، یاران (٢ جار (هەمان: ١٠٢، ١٦١))، ڕەقیب (٢ جار (هەمان: ١٠٢، ١٩١))، نیگار (٢ جار (هەمان: ١٥٢، ١٨٧، ٢٢٤))، مەحبووبم (هەمان: ١٦٢)، سەگباب (مەبەستی ڕەقیبە) (هەمان: ١٧٤)، دڕک (هەمان: ١٠٢)، میللەتی کورد (هەمان: ١٩٢)، حەسەن (هەمان: ٢٠٤)، ،مەجنوون (هەمان: ٢١٧)، بێوەفا (هەمان: ٢٠٢)، مارف (هەمان: ٢٠٢).

هەندێک جاریش وەک بانگهێشتێکی لێکدراو ئاوەڵناوێک هاتووە و بە شوێنیدا ناوێکی تایبەت کە دەوری بەیانی و دیاریکەری ئەو ئاوەڵناوە دەگێرێت؛ ئەم بانگهێشتە بە ڕاشکاوی بۆنی گلە و گازندەی لێوە دێت، ئەویش لە دۆستێکی خۆی کە دوای سەردەمێک دووری، پەرۆشی بووە و مەراقی دیداری لە دڵیدا بووە (حەمیدعەبدولکەریم، ٢٠٠٠: ٢٠٨). زۆریی تاسە و مەراق بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاوڕ لە ئامرازی بانگهێشت نەداتەوە و ڕاستەوخۆ بچێتە سەر ناوی کەسەکە و بە موناسبەتەوە لەم دۆخەدا سیفەتەکەشی کە بێوەفاییە دەخاتە پێش ناوەکەیەوە.

| | |
|---|---|
| بێوەفا! مارف! بە جارێ بۆچ لە بیرت چوومەوە؟ | بۆچی نازانی ئەمە چەن ڕۆژە من هاتوومەوە؟ |
| | (جاف، ٢٠١٩: ٢٠٢) |




## 2-3-3-بە پێی ناوی بانگکراو

### أ- یەک وشەیی

**جانا!/ئەی جانا!**

وشـەی جان ٤٦ جار لە شـیعری ئەحمەدموختاردا بۆتە بەربانگەواز و هەموو جارێکیش بە شێوەی جانا (٤٢ جار) یا ئەی جانا (٤ جار) بە کار هاتووە. ئەڵبەت چوار جاریش وشەی ڕۆحەکەم و دوو جاریش گیانەکەم (جارێک بە و جارێکیش بێ ئامرازی ئەی) هاتووە کە لە باری واتایی و دەلالییەوە نزیک بە یەک و لە یەک ڕاستەدان.

**نازناوی شاعیر (ئەحمەد):**

ئەحمەدموختار ٢٤ جار خۆی کردۆتە بەردەنگ و هەرای لە خۆی کردووە. دوو جار هاوڕێ دەگەڵ ئامرازی "ئەی"دا بە شێوەی ئەی ئەحمەد! (هەمان: ١٥٦، ١٧٨) و ٢٢ جار بە بێ ئامراز (هەمان: ٩٥، ١٠٨، ١١٥، ١١٦، ١١٨، ١٢٠، ١٣٠، ١٥٢، ١٥٤، ١٦٦، ١٧٠، ١٧٤، ١٧٧، ١٧٩، ١٨٣، ١٨٦، ١٩١، ٢٠٢، ٢٠٧، ٢١٠، ٢١٤، ٢١٩). چەندین جاری بە شێوەی تەجرید (جوێ کردنەوە) و چەند جاریش لە زمانی دڵبەرەکەیەوە بانگی خۆی کردووە. هەرچی تەجریدە واتە شاعیر لە زاتی خۆی کەسێکی تری وەک خۆی خولقاندووە و وەک بڵێیت بەرامبەری خۆی داینایێت، بانگی دەکات و لەگەڵی قسە دەکات، وەک بەیتی:

ئەگەر بێ ماچی لێوی دولبەرت تۆ دەس کەوێ ئەحمەد! حەرام بێ گەر ئیتر یادی بەهەشت و حەوزی کەوسەر کەم

(هەمان: ١٢٠)

لە زمانی دڵبەرەکەشیەوە وەک ئەم بەیتە:

وتم: تا کەی لە حەق من چاوەکەم! تۆ بێ‌وەفا و مەیلی؟ وتی: نازانی ئەحمەد! ئێستەکە بێ‌مروەتی باوە؟

(هەمان: ١٧٩)

**دولبەر!**

شـاعیر ١٤ جار دولبەری خۆی بانگ‌کردووە. هەشـت جار بە ئامرازی ـا (لە پاشـەوە) (هەمان: ١١٨، ١٥٦، ١٦٦، ١٩٦، ١٧٤، ١٧٤، ٢١٠، ٢٢٠)، چوار جار بە ئامرازی ئەی (هەمان: ٩٧، ١٥٣، ١٧٨، ١٨٨)، دوو جار بە بێ ئامراز (هەمان: ١٠٠، ٢٠٣).

چەند وشەی بە پاشبەندی «ـەکەم»ەوە کردووەتە بەربانگەواز و بۆ بانگ کردنی خۆشەویست/دڵبەرەکەی بەکارهێناوە، کە بریتین لە: چاوەکەم (١١ جار (هەمان: ٩١، ٩٦، ١١٣، ١٢٣، ١٣٤، ١٤٣، ١٤٥، ١٧٤، ١٧٩، ٢٠٢، ٢٠٣) و جارێکیش وەک نووری چاوەکەم (هەمان: ١٢٩))، ڕۆحەکەم (٣ جار (هەمان: ١٧٣، ١٩٤، ٢٠٩))، جارێکیش بە شێوەی ڕۆحەکەی من! (هەمان: ١١١)، گیانەکەم (٢ جار (هەمان: ١٢٦، ١٧٣)). ئەم دەستە بانگهێشتە زۆرتر بە بێ ئامرازی بانگهێشت هاتووە. شاعیر ١٨ جار ئەم بانگهێشتەی خولقاندووە. ئەم شێوە بانگهێشتە نزیکی و پێوەندی و وابەستەییەکی قووڵی شاعیر دەگەیێنێت بەو کەسانەوە کە بەم شێوە بانگی کردوون.

**قوربان!**

وشەی قوربان لە شیعری ئەحمەدموختاردا ٩ جار (پروانە بەشی: ح-بێ ئامرازی بانگهێشت لەم وتارەدا) وەک بانگکراو هاتووە و هەر نۆ جارەکەشی بە بێ ئامرازی بانگهێشت بە کار گیراوە. ئەمەش بەو واتایەیە کە ئەم وشە لە زمان و فەرهەنگ و وێژەی کوردی و بەتایبەت بەپێی لێکدانوەی شیعری ئەحمەدموختار زۆرتر بە بێ ئامرازی بانگهێشت جێ کەوتووە و بانگهێشتی لە چەشنی ئەی قوربان!، قوربانا!، یا قوربان! قوربانە! نەناسراو و نەبینراوە یا زۆر کەمە. بەکارگیرانیشی بەم شێوەیە نزیکی و گیان-فیدایی دەگەیێنێت.

**زاهید!/واعیز**

زاهید و واعیز لەوانەن کە ئەم شاعیرە کردوونیە بەردەنگی خۆی و هەرای لێیان کردووە. پێنج جار هەرای لە زاهید کردووە (هەمان: ٩٣، ١٥١، ١٥٥، ١٥٩، ١٩٤)، و دوو جاریش لە واعیز (هەمان: ١١١، ١٥٤). هەموو جارێکیش بە بێ ئامرازی بانگهێشت. خوێندنەوەی شیعری ئەحمەدموختار پیشاندەدات کە نەهێنانی ئامرازی بانگهێشت بە نیسبەتی زاهید و واعیز بۆ دەرپرینی تەوس و توانج و تانە و لۆمە و تەنانەت سووکایەتی و کەسایەتی شکاندنە. وەک ئەم دوو نموونەیە:

زاهید! وەرە ناو بەزمی حەریفانی لادە لە ڕیا و سەرزەنشی قوڕ و خەرابات    خەرافات
(هەمان: ٩٣)

مەحاڵە تەرکی ساقی و یار و بادە    بەسە واعیز! مەکە توخوا قسەی زل
(هەمان: ١١١)

**خودا/ڕەبب!**

شاعیر ٩ جار هاواری لە خودا کردووە و وەک بانگهێشت لە شیعرەکانیدا هانای بۆ بردووە. سێ جار بە شێوەی خودا! (هەمان: ٩٦، ١٤٩، ١٥٤)؛ دوو جار بە شێوەی ئەی خودا! (هەمان: ١٣٦، ١٥٨)؛ دوو جار بە شێوەی خوایا! (هەمان: ٢١٢، ٢١٩)؛ یەک جار بە شێوەی یا خوا! (هەمان: ٢٠٩)؛ و جارێکیش وەک خوداوەندا! (هەمان: ٢١٥). شایانی باسە کە چوار جار بانگهێشت بە وشەی ڕەبب هاتووە کە پێکەوە هاوتەریب و هاوواتان (هەمان: ١٣٥، ١٥٣، ٢١٢، ٢١٩). جا هەر کام لەمانە دەلالەتێک دەبەخشێتن. بۆ وێنە "یا خوا" بۆ دۆعا و دەرپرینی پیرۆزبایی بە بۆنەیەکەوە. لەمەڕ بانگکراو (ڕەبب)ـەوە ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ پێویستە؛ ئەویش ئەوەیە کە بانگی ڕەببی/یا ڕەببی! لە کوردیدا زۆر جار بۆ دۆعا بەکاردەگیردرێت و چیدی بانگ کردنەکە بەو شێوازە نییە کە کەس یا شتێکی تر بانگ

دەکرێ. ئەم دەلالەتە بە ڕاشکاوی لە بەیتی: پێ و قودوومت خێر بێ یا ڕەببی بڵند بێ پایەکەت!/شاد و مەمنوونن بە تەشریف هاتنی تۆ پیر و جوان (هەمان: ١٣٥)دا دیارە. هەر بۆیەشە کە باشتر وایە نیشانەی بانگێشتەکە لەم نموونانەدا بکەوێتە دواوە.

**عاشق!**

شاعیر کە لە سەرتاسەری دیوانەکەیدا خۆی وەک عاشقێک –جا یا عاشقی یار/دڵبەر/خۆشەویستی یاخۆ عاشقی وڵات/نیشتمان و گەل و هۆزی- دەرکەوتووە و دەوری گێڕاوە، ١٠ جار عاشقی وەک بانگکراو بە کار هێناوە و ڕووی دەمی تێکردووە (پروانە بەشی: ح-بێ ئامرازی بانگهێشت هەر لەم وتارەدا). هەموو جارێکیش بە بێ ئامرازی بانگهێشت. پێنج جار لە زاری دولبەرەکەیەوە خودی شاعیر بە عاشق بانگ کراوە و بە کرداری «وتی» یا «پێی وتم» ڕاستەوخۆ دولبەر پێی وتووە عاشق، وەک ئەم نموونەیە:

بەرامبەر ئەبرووانی کەوتمە سوجدە، ئەگەرچی قیبلەگاهی تۆ کەچە، نوێژت نییە باتڵ
وتی: عاشق!

(هەمان: ١١٢)

چوار جاریش شاعیر لە باری مۆنۆلۆگێکدا خۆی بە عاشق بانگ کردووە، وەک ئەم نموونە:

بۆچی عاشق! شێتی تۆ وا مەیلی بەزمی ئەمشەو جەننەتولئەعلایە، دولبەر حوورتە
فیردەوست هەیە؟

(هەمان: ٢٠٥

**ساقی!**

شاعیر سێ جار (هەمان: ١٣٤، ١٣٦، ١٧٣) هانای بۆ ساقی بردووە و ڕووی دەمی تێ کردووە و پێی گوتووە کە مایەی خۆشی و حەیاتی ئەو، پێکی مەیە و کەوابوو با (ساقی) هەڵسێت و مەی و فنجان بێنێ و بە جامی مەی سەرخۆشی بکات. لەگەڵ ساقیشدا ئامرازی بانگهێشتی قەت بە کار نەهێناوە. جارێکیش بە پاڕانەوە و کڕووزانەوەیەکەوە مەبەستی دڵی خۆی پێدەڵێت: سا بێنە توخوا ساقی! (هەمان: ١٣٤).

**ڕەفیق/ڕەفیقان/یار/یاران!**

ئەحمەدموختار دەستەودامێنی دۆست و هەڤاڵانیشی بووە و هانای بۆ ئەوانیش هێناوە و لە چەند شوێندا هەرای لێیان کردووە. بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە "ڕەفیق/ڕەفیقان" زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر هەڤال و هاوڕێ، کەچی "یار" زۆرتر دڵبەر و گراوی و مەعشووق دەگرێتەوە. "یاران" لە بارێکی واتایی نزیک بە ڕەفیقاندا بە کار چووە. بە هەر حاڵ شاعیر سێ جار ڕەفیقی بانگ کردووە؛ جارێک بە ئامرازی "ئەی" (هەمان: ١٣٦) و دوو جار بە بێ ئامراز (هەمان: ١٩٤، ٢٢٢). سێ جاریش لە حاڵەتی کۆدا بانگی ڕەفیقانی کردووە؛ دوو جار بە ئامرازی "ئەی" (هەمان: ١٩١، ٢٠٣) و یەک جار بە بێ ئامراز (هەمان: ١٨٧). دوو جاریش بە وشەی یاران (هەمان: ١٠٢، ١٦١) هەرای لێیان کردووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بکەم بە دەلالەتی تایبەتی بانگهێشتی "یاران!" لە زمان و فەرهەنگی کوردیدا؛ ئەویش ئەوەیە کە ئەم بانگهێشتە زۆرتر لە کاتی دڕدۆنگی و پرسیار ئافراندن و خلێوە خستنە دڵەوە بەکاردەبرێت و گەلێ جاریش بە شێوەی "هەیاران" یا "هەیاران و مەیاران" دێتە ناو دنیای دەقەوە. وەک ئەم دەقەی هەژار کە فەرموویە: "خەیاڵات بردبوومیەوە. هەیاران! لە بۆکان بیستمان کە شاری پێنجوێن بە بوومەلەرزە وێران بووە" (هەژار، ٢٠٠٩: ٧٥). جا ئێستا ئەحمەدموختاریش بە ئاگاداری لە دەوری واتایی ئەم بانگهێشتە لە کوردیدا جارێک لە بەیتی «لە تارمەی ڕوو بە مەغریب خۆی نیشان دا ئەو کڵاولارە /وتم: یاران! کە حەشرە ڕۆژ لە مەغریب وا عەیانی کرد» (جاف، ٢٠١٩: ١٠٢)؛ لەو

مەدلوولەدا بەکاریهێناوە و جارێکیش هەر بە شێوەی ئاسایی دۆستانی خۆی بانگکردووە. ئەویش بەم شێوەیە:

بە دیققەت ئێوە سەیری شیعرەکانم بکەن، یاران! بە خودا شیعرم سوارە
(هەمان: ١٦١)

**نیگار!**

ئەم بانگهێشتە کە شاعیر حەوت جار بۆ خۆشەویست و دڵبەرەکەی خۆی هێناویە، چوار جار بە ئامرازی پاشبەندی ـوە (نیگارا!) (هەمان: ٩٦، ١١١، ١٣٢، ٢٢٤)، سێ جار بە بێ ئامراز (هەمان: ١٥٢، ١٨٧، ٢٢٤)، بە کاری گرتووە.

**هەندێ وشەی تر**

بێجگە لە ئەم چەند تاقمە لە بانگهێشتەکانی نێو شیعری ئەحمەدموختار، چەند بانگهێشتی تر بەرچاو دەکەون کە تاکن یا بە زۆری پات نەبوونەتەوە. ئەوانیش بریتین لە: بادی سەبا (هەمان: ٨٤)، مەحمەلی لەیلا (هەمان: ٨٧)، کافر (مەبەست دولبەرەکەیە) (هەمان: ٩٨)، شۆخەکەی عالیجەناب (هەمان: ٩١)، قەنناد (هەمان: ٩٨)، هەوری بەهاری (هەمان: ٩٩)، شاعیر (هەمان: ١٤٥)، شاعیرانی کورد (هەمان: ١٤٧)، ڕۆڵە (هەمان: ١٤٨)، کەمالی دوو جار، جارێک بە ئامرازی ئەی (هەمان: ١٥٥) و جارێکیش بە بێ ئامراز (هەمان: ١٧١)، ڕەقیب دوو جار و هەر دووش بە بێ ئامراز (هەمان: ١٠٢، ١٩١)؛ یەک جاریش داوای کردووە لە دولبەر کە بە ڕەقیب بڵێت: سەگباب! لاچۆ! (هەمان: ١٧٤)، جارێکیش بانگی کچەکەی خۆی (شەمسەخان)ـی کردووە (هەمان: ١٤٢).




***




## ب- چەندوشەیی(لێکدراو، ساڕستە، ڕستە و عیبارەت)

زۆر جار دەبینین کە شاعیر بانگهێشتەکەی، کەس/شتێکی دیاریکراوی تاکوشەیی نییە، بەڵکوو سیفەت، تایبەتمەندی یاخود واتایەکە کە لە قاڵبی لێکدراو (ی ئیزافی/وەسفی)، ڕستە، ساڕستە یا عیبارەتێکدا دەرییڕیوە و هەندێک جار بە ئامرازی بانگهێشتی ئەی هێناویەتی و هەندێک جاریش بە بێ ئامراز. ئەم دەستەبەندییە دەتوانین بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:

### 1.لێکدراوی وەپاڵخراو

ئەی سەروی نێو بوستانی دین! (هەمان: ٩٤)؛ ئەی بەنی جەرگ و پەڕەی دڵ! (هەمان: ١١١)؛ ڕۆحەکەی من! (هەمان: ١١١)؛ ئەی شاهی خووبان!/ئەی ماهی تابان! (هەمان: ١١٣)؛ شۆخی کەنعان!؛ دەرد و دەرمان!؛ گوڵی لە باغان!؛ سەروی بووستان!؛ ڕاحەتی جان! (هەمان: ١١٣)؛ نووری چاوەکەم! (هەمان: ١٢٩) جێگای هیوای گشتمان! (هەمان: ١٣٥)؛ ئافەتی جان و دڵ! (هەمان: ١٧٨)؛ بولبولی دڵ!؛ کۆمەڵی عاشق! (هەمان: ٢١٧) هەرچەند کۆمەڵی عاشق دوولایەنەیە و توانایی ئەوەی هەیە کە لێکدراوێکی وەسفی بێت، بەڵام لێرە بە پێی هێماکان ئیزافی دێتە ئەژمار.

ناوی تایبەتیش لە قاڵبی لێکدراوی ئیزافی و وەسفیدا بانگکراوە. ئیزافییەکەی وەک: یووسفی کەنعانی من! (هەمان: ١٤٢) کە بۆ خۆشەویستکەی بەکارهێناوە؛ عەشرەتی نەورۆڵیش لەم بەیتەی ژێرەوەدا دەتوانێت لە جنسی ناوی تایبەتی بێ:

عەبدولای خالۆ عەمین و ئەورەحیمی نەی- بەدەست
جاڕ ئەدەن ئەی عەشرەتی نەورۆڵی! قەوم و خزمەکان!

(هەمان: ١٣٧)

### 2.لێکدراوی وەسفی

ئەی یاری بێمرووەت! (هەمان: ٩٨)؛ ئەی نیگاری نازەنین! (هەمان: ١٠٠)؛ ئەی قەومی وەفادار! (هەمان: ١٠٢)؛ گوڵی ڕەعنا! (هەمان: ١١٧)؛ بتی ڕەعنا! (هەمان: ١٣٤)؛ بتی پەیمانشکێن! ئەی کافری بێڕەحم و بێمرووەت! (هەمان: ١٠٢)؛ ئەی برا گیان! (هەمان: ١٠٦)؛ ئەی یاری وەفادار! (هەمان: ١٠٧)؛ ماهـ/مەهی تابان! (هەمان: ١١٣،

١٣٤)؛ تێغی بوڕران! (هەمان: ١١٣)؛ یاری عەزیز! (هەمان: ١١٨)؛ شۆخی پەریپەیکەر! (هەمان: ١١٩)؛ سەگە قۆڵهەڵکراوەکەم! (هەمان: ١٢٩).

ئەحمەدموختار ناوی تایبەتیشی لە لێکدراوی وەسفیدا بە کار هێناوە؛ هەندێک جاریش ئاوەڵناوێکی جنێوداری بۆ تەرخان کردووە، وەک مەلا عیسای تەرەس! (هەمان: ١٣٨). دیارە لە لێکدراوی وەک یاری دڵئازاری من!ـدا وەسفی و ئیزافیی کۆ کردۆتەوە و لە قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵوومـدا سێ ئاوەڵناوی ڕیز کردووە کە یەکێکیانی بە ئامرازی بادانەوە خستۆتە سەر دوانەکەی تر.

### 3. لێکدراوی پێوەندکراو

بەو واتایە کە دوو وشە پێوەند کراون بە یەکەوە، وەک قەوم و خزمەکان (هەمان: ١٣٧) لە لێکدراوی: ئەی عەشرەتی نەورۆڵی! قەوم و خزمەکان! (هەمان: ١٣٧)، کە بە ئامرازی واوی پێوەندی بەستراون بە یەکەوە، ئەم بانگهێشتە لە کارکردێکی تردا لە باری ڕێزمانییەوە وەک جێگرێکە بۆ عەشرەتی نەورۆڵی. یا وەک ئەی میللەت و قەومی خۆمان (هەمان: ١٣٧) کە پەیوەست کراون بە یەکەوە. هەروەها وەک: قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵووم! (هەمان: ١٩٢).

### 4. عیبارەتی واتایی

لێرەدا چەند وشە کەوتوونەتە پەنای یەک کە ناچنە قاڵبی لێکدراوی ئیزافی یا وەسفییەوە، بەڵکوو سەرجەم وشەکان پێکەوە هاوڕێ لەگەڵ باری بانگهێشتەکەدا واتایەک دەدەن بە دەستەوە. وەک: باعیسی هێزی دڵ و پشت و پەنایی بێکەسان!/ یانەیی سەرکەوتنی قەومی نەجیبی کوردەکان! (هەمان: ١٣٥)؛ واسیتەی ڕێگەی نەجاتی قەومی دڵسووتاوی کورد!/ ئەی نیساری مەقدەمی تۆ بن بە جارێ ڕۆح و گیان! (هەمان: ١٣٥)؛ ئەی دڵ و گیانم فیدایی تورڕە و عینوانەکەی! (هەمان: ٢١٧). لەم بانگهێشتانەدا شاعیر بە خستنە پەنای یەکی چەندین وشە واتا و مەبەستی خۆی بە بەردەنگ/بانگکراوەکەی گەیاندووە. ئەم کارەی بە نیازی دەربڕینی هیوا و ئارەزوو، خۆشەویستی و گیانبەخشی کردووە.

### 5. جێگری سینتاکسی لە بانگهێشتدا

هەندێ جار شاعیر جێگری بۆ بانگهێشتەکانی داناوە. ئەم جێگرەی بۆ جەخت کردن و ناساندنی زۆرتر هێناوە. وەک:

عەبدولای خالۆ عەمین و ئەوڕەحیمی جاڕ ئەدەن ئەی عەشرەتی نەورۆڵی! نەیبەدەست،
قەوم و خزمەکان!

(هەمان: ١٣٧)

قەوم و خزمەکانی وەک جێگرێکی سینتاکسی بۆ عەشرەتی نەورۆڵی بەکارهێناوە. هەروەها:

واسیتەی ڕێگەی نەجاتی قەومی ئەی نیساری مەقدەمی تۆ بن بە جارێ دڵسووتاوی کوردا!
ڕۆح و گیان!

(هەمان: ١٣٥)

نیوەدێڕی دووهەم وەک جێگرێکە بۆ نیوەدێڕی یەکەم؛ واتە بانگکراوی دووهەم هەمان بانگکراوی یەکەمە بەس تایبەتمەندی و بەیانێکی زۆرترە بۆ بانگکراوی یەکەم.

### 6. ڕستە

ڕستەی بانگهێشتدار لە زاتی خۆیدا ڕستەیەکی پێوەندی-تەوەرە، کە لە سەرێکی ئەم پێوەندییەوە بانگکەر دەوەستێ و لەو سەرەکەی تریشیەوە، بەردەنگ/بانگکراو. گرینگترین کردەوەی نێو ئەم پێوەندیشە، وتووێژە (امیرخانلو، ١٣٩٧: ٥٣). ئەحمەدموختار

شیعرێکی هۆنیوەتەوە کە نموونەی بانگهێشت لە قاڵبی ڕستە و ساڕستەی تێدا بەدی دەکرێ. ئەم شیعرە ٥ بەیتە کە یەک بەیتی بانگهێشتی یا ڕەببی تێدایە کە دەکەوێتە ڕیزی تاکوشەییەکانەوە و پێشتر لەم وتارەدا لە بەشی ٢-٣-٣-أ بە پێی ناوی بانگکراودا ئاماژەی پێ کرا. لەو بەیتەکانی تری بەیتی دووهەمی کە بەم شێوەیەیە:

واسیتەی ڕێگەی نەجاتی قەومی دڵسووتاوی کوردا! | ئەی نیساری مەقدەمی تۆ بن بە جارێ ڕۆح و گیان!

(هەمان: ١٣٥)

باڵی دووهەمی ڕستەیەکی تەواوە و هەموو ئەندامێکی ڕستەی لە خۆ گرتووە.




**2-3-4-بانگهێشت وەک یەکێ لە دیارترین ئەدگارەکانی شیعری ئەحمەدموختار**

ئەحمەدموختار هەندێک شیعری هەن کە لە هەموو یا زۆربەی بەیتەکانیدا بانگهێشتی بەکارهێناوە. شاعیر لەم شیعرانەدا زۆر لەگەڵ بەردەنگەکەیدا هەستتێکەڵ بووە و بەیت بە بەیت ئەوی لە خەیاڵی خۆیدا ئامادە کردووە، بۆیە پەیتا پەیتا بانگی کردوون و لەگەڵیان دواوە، هەرچەند لە بەیتێکەوە بۆ بەیتێکی تر ڕەنگە بانگهێشتەکە بگۆڕێت و ڕوو بکاتە کەس/کەسانێکی تر. نموونەیەک لەم چەشنە لێکدەدەینەوە.

السلام ئەی شاهی خووبان! السلام | السلام ئەی ماهی تابان! السلام
موددەتێکە من لە هیجرا نابینام | السلام ئەی شۆخی کەنعان! السلام
وا کە کوژراوی برۆی تۆم چاوەکەم! | السلام ئەی تێغی بوڕران! السلام
وا کە چاک چاکە دڵی من ئەی سەنەم! | السلام ئەی دەرد و دەرمان! السلام
بولبولی جانم لە هیجرت بێ-دەنگە | السلام ئەی گوڵی لە باغان! السلام
قامەتی ئەلفم لە غەمتا بوو بە نوون | السلام ئەی سەروی بووستان! السلام

ئەحمەد ئەمڕۆ بێخودە بۆ السلام ئەی ڕاحەتی جان!
وەسڵی تۆ السلام
(جاف، ٢٠١٩: ١١٣)

ئەم شیعرە جوانترین و پڕبەپێست‌ترین نموونەیەکە بۆ ئەم بابەتە. چونکە دەقێکی حەوت بەیتیمان لە بەر دەستدایە و لە هەموو بەیت و بگرە لە هەر میسرەعێکیدا لەگەڵ بانگهێشتێکدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. بە گشتی لەم دەقەشیعرییەدا سێ شت هەر لە یەکەم بینیندا زەق-زەق دیارن و خۆیان دەنوێنن؛ ئەویش دەستپێک بە السلام و دەستپێک و کۆتایی هاتنی هەموو دووهەم نیوەدێرەکانە بە هەمان وشە و ئەوی تریشیان بانگهێشتەکانە؛ سێهەمیشیان یەکێتی بەردەنگ/بانگکراوە، واتە لە هەموو شیعرەکەدا ڕووی دەمی لە دڵبەر/خۆشەویستەکەیە و وەری‌نەگێڕاوە. ئەم شیعرە حەوت بەیتییە دە بانگهێشتی تێدایە، واتە لە سێ بەیتیدا دوو بانگهێشت هاتووە. نۆ دانەی بە ئامرازی ئەی بانگ کراوە و یەک دانەی (چاوەکەم!) بە بێ ئامراز. لە دانانی ئەم شیعرەدا وەک ئامادەکەری کۆبەرهەمەکەی شاعیر ئاماژەی پێکردووە (هەمان: ١١٤)، شاعیر لە قاڵب و چوارچێوەدا لە ژێر کاریگەری سالم (١٨٠٥-١٨٧٠) شاعیری دەورەی پێشتری ئەدەبی کوردیدا بووە و بۆ خۆشەویستەکەی دایناوە؛ بۆیە بە هاوکێشەی شاهی خووبان و ماهی تابان دەستی پێ کردووە. ئینجا بە شۆخی کەنعان، چاوەکەم، تێغی بوڕران، سەنەم، دەرد و دەرمان، گوڵی لە باغان و سەروی بووستان درێژەی پێداوە و بە ڕاحەتی جان کۆتایی پێهێناوە. ئەمە واتە سەرەتاکەی دەربڕی شان‌وشکۆ و پرشنگداریی دڵبەرە لە چاوی عاشق (شاعیر)ـەوە، چەقی باسەکە گەشت‌وگوزارێکە لە پێدەشتی زیوینی ئەوین و تاسە و پەسن‌داندا و کۆتاییەکەشی هێمایە بۆ هەبوونی ئاسایش و ئارامشی عاشق لە لای خۆشەویستەکەی.

ئەم خوێندنەوەیە لەسەر ئەم بەشە لە بانگهێشت لە شیعری ئەحمەدموختاردا، سەلمێنەری ئەو بیرۆکەیەیە کە یەکێک لە بنیاتەکانی شیعری ئەحمەدموختار بانگهێشتە کە لە هەر دۆخ و لە هەر حاڵێکدا پەنای بۆ بردووە و بە یارمەتی ئەم هونەرە بەیانییە مەبەستی خۆی دەربڕیوە.

**ج- هەندێ بانگهێشتی لێڵ و ناڕوون و دوو لایەنە**

چەند بەیتێک لە شیعری ئەحمەدموختاردا هەن کە دەکرێت بە بانگهێشت بێنە ئەژمار و هەروەها دەشکرێت دەورێکی تریان پێبدرێت؛ واتە لە باری واتایی-ڕێزمانییەوە دوولایەنن. بۆ نموونە لە بەیتی: کوردم و بۆ کوردی ئەحمەد[!] سەعی ئەکەم، تا بەم زووە/ئیتتحادی کوردی خۆمان و سنە و بۆکان ئەکەم (هەمان: ١٢٥)، لەم بەیتەدا دەکرێت کورد بخرێتە پاڵ ئەحمەد بە واتای کورد/گەل/میللەتی ئەحمەد کە لەم حاڵەتەدا ئەحمەد موزاف ئیلەیهە، لە لایەکی تریشەوە دەکرێت ئەحمەد لە دۆخی بانگکراودا بخوێنرێتەوە، بە واتا: ئەی ئەحمەد من کوردم و بۆ خەڵک/هەرشتێکی کوردی کۆششت دەکەم تا... . یا دەبینین کە ئەم بەیتە: "یار تینووە بە خوێن و لە تەگبیری قەتڵییە/ئەحمەد[!] ئەوندە شێتە خەیاڵی ویساڵتە"، کێشەی هەیە، ڕەنگە "شێتی" بێت! تاوەکوو وشەکان لە بارێکی دروستی ڕێزمانیدا جێ بگرن (هەمان: ١٧٥) کێشەیەکی بنەڕەتی لە خوێندنەوە و بردنەوە-سەریەکی ئەندامانی ڕستەدا خۆی زەق کردۆتەوە. دەکرێت ئەم بەیتە ئاوا بێت: یار تینووە بە خوێن و لە تەگبیری قەتڵییە/ئەحمەدا! ئەوندە شێتی خەیاڵی ویساڵتە، تا لەم شێوەخوێندنەوەدا ڕووی دەمی شاعیر لە خۆی بێت. لەم حاڵەتەیدا دەچێتە ڕیزی نموونەکانی مەبەستی ئەم توێژینەوەیەوە.
نموونەیەکی تر ئەم بەیتەیە:

ئەما فەهمی[!] لە وەختێکا کە هاتم ئەمن بۆ ئیشی موڵک و ئیشی ناوشار

(هەمان: ١٠٦)

جگە لە باری هەڵکەوتن و گونجانی بانگهێشت یا نەگونجانی، هەڵکڕاندنی واتایەکی ئەوتۆش لەم بەیتە تا ڕادەیەک ئەستەم دەنوێنێ. لەبەر ئەوەی کە ئەما (ئەمما) بە میمی سووک دوور لە زیهن و لاوازە؛ لە لایەکی دیکەشەوە فەهمی کە دیارە ناوی کەسێکە، ئەگەر بەردەنگ نەبێت و بانگ‌نەکرابێ، دەورێکی واتادار لە ڕستەکەدا بۆی دەست نادا؛ کەوابوو دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە بەردەنگ و بانگکراو بێت، لەم حاڵەتەیدا دەگونجێت کە شاعیر ڕووی دەمی لەو کردبێت؛ تەنانەت لەم حاڵەتەشدا واتاکەی کەموکووڕیی هەیە.

**2-3-5- لایەنی دەروونناسانەی بانگهێشت لە شیعری ئەحمەدموختاردا**

لێکۆڵینەوەی بانگهێشت لە شیعری ئەحمەدموختاردا هەندێک بابەتی گرینگی دەروون‌ناسانە دەخاتە ڕوو، کە دەتوانین بەم شێوەیە دەستەبەندییان بکەین:

**دەرەوخواز بوونی ئەحمەدموختار:** ئەم شاعیرە زۆر ئاوڕی لە دەرخستنی هەست و نەست و بیروڕاکانی بۆ کەسان و خەڵقان داوەتەوە و لە زۆربەی هەڵس‌وکەوت و داکەوتەکاندا بە ڕاشکاوی دەنگی خۆی هەڵهێناوە و بانگی خۆی ڕاهێشتووە؛ ئەمانە پیشان‌دەدا کە ڕەهەندی پێوەندی گرتن و جووڵانەوە و هەڵس‌وکەوت کردن لەگەڵ دەوروبەریدا زۆر بەهێز بووە؛ بەم بۆنانەوە وەک شاعیرێکی دەرەوخواز پێناسە دەکرێت.

**کۆمەڵگرا بوونی ئەحمەدموختار:** چونکە بانگهێشتەکانی زۆرتر ئاراستەی خەڵک و کۆمەڵگا و جەماوەر و دۆستان و یارانی کردووە، و هەروەها لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی بانگهێشتکانییەوە گەلێک بابەتی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی باس کردووە، بەو ئاکامە دەگەین کە وەک شاعیرێکی کۆمەڵگرا ناوزەدی بکەین.

**نیشتمان‌دۆست و نیشتمان‌پەروەر و گەلحەز بوون:** قووڵ بوونی هەستی بەرپرسیارەتی لە هەمبەر گەل و نیشتمانەوە کە لە قورسیی و لە قووڵایی دڵەوە هەڵقوڵینی بانگهیشتەکانی بۆ گەل/میللەت/قەوم و وەتەندا دیارە، دەیباتە ڕیزی شاعیرانی نیشتمان‌دۆست و نیشتمان‌پەروەر و گەلحەزەوە.

**2-3-6-شرۆڤەی دەلالەتناسانەی بانگهێشتەکان**

**دەلالەتی بانگهێشت بە ئەی**

ئەم ئامرازە هەندێک جار لە واتای سەرەکی خۆی دەردەچێت و جەخت کردن و زۆر بوون دەگەیێنێت (فرشیدورد، ١٣٨٢: ٢٣٤). لە شیعرەکانی ئەحمەدموختاردا کاتێک ئامرازی ئەی بەکاردەهێنێت، جگە لە بابەتی هەست بە دووری و نزیکی کردن لەگەڵ بەردەنگەکەیدا، هەندێک مەبەستی تریش بەرچاو دەکەوێت. کە گرنگترین و زەق‌ترینیان بریتین لە:

**بیرئانین:**

گریەی منی بیچارە شام و سەحەر سەنگینت ئەسڵەن نییە تەئسیری لای ئەو دڵی ئەی دولبەر!

(جاف، ٢٠١٩: ٩٧)

لەم بەیتەدا بێ‌کەڵک بوونی گریانی خۆی وەبیری دولبەرەکەی دەخاتەوە.

**خوایشت و تەمەنا:**

توخوا ئەی گوڵ! بەسە تۆ ناز و عیشوە چییە ڕەحمێ بکەی جارێ بە بولبول؟!

(هەمان: ١١١)

لەگەڵ گیان و ڕۆح و چاودا بۆ دەرپڕینی ئەوپەڕی **خۆشەویستی و دڵبەستەیی** بەکاری گرتووە:

ئەی گیانەکەم! بە چاوی ڕەشت سوێند بۆ دینی چاوی تۆیە کە هەر چاوەچاو ئەخۆم بە دڵ ئەکەم

(هەمان: ١٢٦)

کاتێ بۆ بانگهێشتی خودا دێنێتی، **پەنا بردنەبەر و داد و گازندە** مەبەستێتی:

ئەی خودا! چی بکەم گوڵێکم بوو لە ناو ئەو گلێنەم وا لە دەس چوو کەوتە دەس جەمعی گوڵان بادی خەزان

(هەمان: ١٣٦)

**لۆمە و تانە:**

ڕۆ ئەی وشکە سۆفی! با موبارەک بێ لە من و پیاڵەی شەراب و وەسڵی شۆخی تۆ جەننەت با ویقاری من

(هەمان: ١٤١)

**هاودەردی و هەڵنانی هەست و سۆز:**

تەواو نابێ بە ئەحمەد ئەی کەمالی! مەدحی لە عەرسەی وەسفی یارا پێی خەیاڵم ڕووی دولبەر ئێستەکە لەنگە

(هەمان: ١٥٥)

**بۆ هەڕەشە و تێخوڕین:**

فەرمووی بە من ئەی ئەحمەد! حازر بە لە ئازاد بە لە دەرد و غەم وا مەوسیمی بۆ کوشتن قوربانە

(هەمان: ١٧٨)

**ئاگادار کردنەوە:**

ئەی ڕەفیقان! گەر ئەپرسن ئەم تیرەبارانی نیگاهی شۆخی غەدداری برینانەم چییە؟ منە

(هەمان: ٢٠٣)

**بەگەورەزانین و ڕێزبۆدانان:**

بڵێ قوربانی تۆ بم ئەی بە زۆری پەنجە وەک حەیدەر بە سیما سەلاحەددینی ئەییووبی! یووسفی سانی

(هەمان: ٢١٥)

**حەسرەت و داخ و کەسەر:**

ئەی خودا! چی بکەم گوڵێکم بوو لە ناو ئەو گلێنەم وا لە دەس چوو کەوتە دەس جەمعی گوڵان بادی خەزان

(هەمان: ١٣٦)

**سەرسوڕمان و حەپەسان:**

ئەوە دەمتە نیگار! یا نوقتەیی مەوهوومە ئەوە لێوە؟ وە یا یاقووتە؟ یا خۆ قووتی جانە؟ ئەی دولبەر!؟

(هەمان: ١٥٢)

**دەلالەتی بانگهێشت بە یا**

ئەم ئامرازە لە زمانی کوردیدا وەک ئاماژە کرا زۆرتر لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا دێتە کایەوە. دەکرێ جگە لە چەن بانگهێشتی سنووردار، بیرێتە باڵای خودادا بە ناوە

جۆربەجۆرەکانییەوە، وەک ڕەبب، ئەڵڵا، خوا. لە شیعری ئەحمەدموختاریشدا هەر بەو شێوازەیە و جگە لە واتای هانا و پەنابۆبردن، بۆ ئەم واتاگەلەش هاتووە:

**ئارەزوو کردن:**

دڵم سەد پارە بێ یا ڕەببی! گەر بێت و لە بیرم چێ
لە مردندا فەرامۆش کەم شەهادەت گەر نەکەم یادی
(هەمان: ٢١٩)

**دۆعای خێر کردن:**

پێ و قودوومت خێر بێ یا ڕەببی بڵند بێ پایەکەت
شاد و مەمنوونن بە تەشریف هاتنی تۆ پیر و جوان
(هەمان: ١٣٥)

**دۆعای شەڕ کردن:**

ئەگەر یادی سەری زولفت لە بیرم دەربچێ جانا!
لە سەحرای عەشقی تۆدا بمگەزێ یا ڕەببی! ڕەشماری
(هەمان: ٢١٢)

**دەلالەتی بانگهێشت بە ـا**

زۆرترین بەکارهێنرانی ئەم ئامرازە لە بانگهێشتدا دەگەڵ وشەی جاندایە، کە بە شێوەی جانا دەردەکەوێت. دەتوانین ئەم واتەگەلەی لێوە وەربگرین:

**ئاگادار کردنەوە:**

سەلیبی پەرچەمی تۆم دەس کەوێ چیمە لە ئیسلامی
کلیسا جێگەمە جانا! لە عەشقی زولفی زونارت
(هەمان: ٩٥)

دڵم دایم لە عەشقی تۆ نیگارا! مەست و حەیرانە
هەمیشە کاری شین و ناڵە و ئەفغان و گریانە
(هەمان: ٢٢٤)

ئەگەر سەد ساڵ جەفا کەی دولبەرا! من بەندەفەرمانم
کە چونکە من ئەزانم دائیما بەدخوویی هەر خووتە
(هەمان: ١٦٩)

**تکا/داوا/خوایشت کردن:**

هەتا کەی هەر لە دووریی تۆ ئەمن بێم و بچم جانا!
بە بێ سوود بۆچ نیگەهبانیی گوڵ و گوڵزاری بێبەر کەم
(هەمان: ١٢٠)

نیگارا! چی ئەبێ ماچێ کەرەم کەی؟
بکەی مەقسوودی ئەم بیمارە حاسڵ
(هەمان: ١١١)

نیگارا! سا بە لوتفی خۆت شەوێ تۆ بێرە بالینم
لە غەمدا وا لە جیسمم وەختە دەرچێ گیانی شیرینم

(هەمان: ١٣٢)

**خۆشەویستی و دڵسۆزی:**

شەمسە! تۆ لازمە من کە وەختێ مردم قەت فەرامۆشی نەکەی سنعەت و عیرفانی من جانا!

(هەمان: ١٤٢)

گەلێ مەمنوونی لوتفت بووم کە تەبلیغی سەلامت کرد بە دڵدار عەزیزا!

(هەمان: ١٠٥)

**ڕێز لێنان و بەگەورە زانین:**

ئەشکی چاوی من شەرابە، قەلبی زارم وەک کەباب فەرموو تەشریف بێنە جانا! بەزمەکەت ئامادەیە

(هەمان: ١٧٣)

**لاڵانەوە و پاڕانەوە:**

وەختی ڕەحمە دولبەرا! میوانی تۆ ئەگەر لەیلای منیش مەجنوونەکەی دەوڵەتخانەتم دێوانەتم

(هەمان: ١١٨)

**سەیرمان و سەرسوڕمان؛** ئەم ئامرازە زۆرتر دەگەڵ ناوی خودادا ئەم واتایە دەخولقێنێ:

چ شیرینە خودایا! ئەو نیگارەم بە باڵای ئەو پراوە ناز و تەمکین

(هەمان: ١٥٠)

نیگارا! لێم ئەپرسی بۆچی وا لە عەشقی چاوی تۆیە چاوەکەم! وا بووم بە دێوانەیە ئەحمەد؟ عەوداڵت

(هەمان: ٩٦)

**ئارەزوو کردن:**

خودایا! چی ئەبێ زستانی مەیلی لە حەق ئەحمەد بکەی تاوێ بە هاوین؟!

(هەمان: ١٥٠)

**دەلالەتی بانگهێشت بە ە/ـە/ـینە**

ئەم ئامرازانە بە گشتی زۆرتر بۆ ئاگادار و وریا کردنەوە دەڕۆنە کار، وەک ئەم نموونانە:

خەیاڵم وایە خەڵقە! من کە تەرکی عەشقی دولبەر کەم ئیتر میهری پەریڕوویان بە یەکجاری لە دڵ دەرکەم

(هەمان: ١٢٠)

سەیری کەن خەڵقینە! توخوا حاڵەتی زاری وەتەن چەند پەرێشانە لەبەر غەفڵەت هەموو کاری وەتەن

(هەمان: ١٤٤)

وەختی تێکۆشانە ئەی قەومینە! وا خەزانی کردەوە ئێستێکە گوڵزاری وەتەن
غەفڵەت تا بە کەی؟
(هەمان: ١٤٤)

بەسەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە تەماشای سێبەری ئەو شاخ و کێوە وا لە سەرتانە!
کوردینە!
(هەمان: ١٩٢)

**دەلالەتی بانگهێشت بە ئەی+ا**

ئەم ئامرازە لێکدراوە زۆرتر بۆ واتای دەربڕینی خۆشەویستی وێڕای ئاگاییدان هاتووە:

نەخۆشی خۆشترە لای من لە ساغی و ئەگەر یەک هەفتە جارێ بێی بپرسی چۆنە ئەحواڵت؟
سیحەت ئەی جانا!
(هەمان: ٩٦)

کە ناوت دێنمە سەر لێوەکانم ئێستە دەم و لێوم ئەچەسپێن پێکەوە بۆ لێوی شیرینت
ئەی جانا!
(هەمان: ٩٨)

**دەلالەتی بانگهێشت بە ئەی+ـە/ە/ـینە**

ئەم ئامرازە زۆرتر بۆ هاندان و بزواندن و هەڵنان بە کار دەڕوات. وەک لە بەیتی: وەختی تێکۆشانە ئەی قەومینە! غەفڵەت تا بە کەی؟/وا خەزانی کردووە ئێستاکە گوڵزاری وەتەنـدا دەردەکەوێت گەل و خزمی خۆی هاندەدا بۆ خەبات و هەوڵ و تێکۆشان (حەمیدعەبدولکەریم، ٢٠٠٠: ١٦٠). هەروەها ئەم ئامرازەی بۆ بەزەیی و دلۆڤانی و دڵسۆزی نواندنیش بەکارهێناوە، وەک ئەم بەیتە:

ئەی دڵە! بەسیە لە غەم بۆچی ئەناڵی شەهدی لێوی دولبەرت بۆ دەردی تۆ دەرمانە بۆت
ڕۆژ و شەو
(جاف، ٢٠١٩: ١٠٠)

**هۆشداردان و ئاگادارکردنەوە:**

هەر کەس کە عاشقی من ئەبێ ئەی شێتە! تۆ خەیاڵی شتێکی مەحاڵتە
چاری مردنە
(هەمان: ١٧٥)

**دەلالەتی بانگهێشت بە بێئامراز**

شاعیر هەر کات ویستوویە یا پەلەی بووە زوو بچێتە سەر ناوی ئەو کەسەی کە بانگی کردووە، ئامرازی لەگەڵ نەهێناوە و ڕاستەوخۆ چۆتە سەر بانگهێشتەکە. ئەم کارەش بەپێی ئەوەی کە چ کەسێکی بانگ کردبێت، واتای خۆشەویستی، دژایەتی، ناڕەزایەتی و نەفرەت لەو کەسەی لێ بەدیدەکرێت. وەک ئەم نموونە کە واتای خۆشەویستی دەگەیێنێت:

لە زولفت لازمە دیسان بدووم، لێم مەگرە کە باسێکی درێژ و دوورە، گەرچی ئێستە تەکرارە
مەحبووبم!
(هەمان: ١٦٢)

بێجگە ئەو حاڵەت و واتایانە، دەتوانین لەم جۆرە بانگهێشتە ئەم واتاگەلەش وەربگرین:

**هانا بۆ بردن:**

ڕەفیقان! ئەم دڵەم ئەمشەو عەجەب وەکوو بولبول لە عەشقی گوڵ خەریکی حاڵی پەرێشانە شین و گریانە
(هەمان: ١٨٧)

**ئاگادار کردنەوە:**

لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کوردا! هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ خەو زەرەرتانە و هونەرتانە
(هەمان: ١٩٢)

ئەوەند گەوهەر لە دوو چاوم ئەبارێنم نیگار! داوێنی من ئەمڕۆ وەکوو دەریایی لە هیجرانا عوممانە
(هەمان: ١٨٧)

ڕەفیق! هیچ غەم مەخۆ، خۆش ڕابوێرە، بزانە تۆ لە دنیادا لە بۆ چەن ڕۆژێ فرسەتە ئێستە میوانی
(هەمان: ٢٢٢)

**هەڕەشە بە مەبەستی بچووککردنەوە:**

کە ئەو شۆخە لە حەق من ڕەقیب! حیلە و دەسیسەی میهرەبانە تۆ بەتاڵە
(هەمان: ١٩١)

**دواندن و قسە لەگەڵ کردن:**

پێی وتم: عاشق! لە گەنجی حوسنی پاسەوانی ئەم تەلیسمە زولفی من بەهرەت نییە ڕەشماری منە
من وتم: دولبەر! لەبەر چی لالە دڵ- پێی وتم: عاشق بە لێوی ئاڵی خوێنینە وا؟ گوڵناری منە
(هەمان: ٢٠٣)

**دەلالەتی بانگهێشت بە ناوی تایبەت**

دیارە پڕژمارترین ناوی تایبەت لە بانگهێشتەکانی ئەحمەدموختاردا هەر نازناوی شیعریی خۆی واتە ئەحمەدە و زۆرتر بە بێ ئامراز هاتووە. ئەم جۆرە بانگهێشتە چەند واتای لێدەبێتەوە کە گرنگترینیان بەم شەرحەیە:

**بە کەم زانین و دابەزاندنی کەسایەتی:**

نیگار ئەمڕۆ لە ناو جەمعی ڕەقیبا پێی مەحاڵە تۆ ئیتر دەستت کەوێ یاری وتم: ئەحمەد! دڵئازارت
(هەمان: ٩٥)

**لاڵانەوە و پاڕانەوە:**

توو خودا ئەحمەد! مەڕۆ تۆ لەم مەدۆ ئیتر لە تاهیر یا لە قسانە جەففار
(هەمان: ١٠٨)

**سەرکۆنە و لۆمە کردن:**

ئەڵێی ئەحمەد! لە کوشتن ڕوو لە بەحسی عەشقدا من

دەگێری زۆر بەزاتم
(هەمان: ١١٥)

**ئاگادار کردنەوە:**

یار بە خەندەی نازەوە ڕووی کردە من بۆچی تۆ نازانی ئەحمەد!
فەرمووی: بەسە دوژمنی بێگانەتم!
(هەمان: ١١٨)

سا حەسەن! ئەمشەو وەکوو پیاو دەس بە ئیستیلا کە زووبەزوو ئەو قەلعەیی
شیر و تیغی تیژ شەددادییە
(هەمان: ٢٠٤)

بێوەفا! مارف! بە جارێ بۆچ لە بیرت بۆچی نازانی ئەمە چەن ڕۆژە من
چوومەوە؟ هاتوومەوە؟
(هەمان: ٢٠٢)

بنواڕە چ غەڕرایە کەمالی! هەموو عەیبی منی بێچارە بە خودا پارە
شیعرم نەبوونە
(هەمان: ١٧١)

جوێ کردنەوە (تەجرید)، واتە شاعیر لە زاتی خۆی کەسێکی تری جوێ کردۆتەوە و ئەوی کردووەتە بەردەنگی خۆی و هەرای لێکردووە:

ئەگەر بێ ماچی لێوی دولبەرت تۆ دەس حەرام بێ گەر ئیتر یادی بەهەشت و حەوزی
کەوێ ئەحمەد! کەوسەر کەم
(هەمان: ١٢٠)

**فیزپێوەکردن و چێژ وەرگرتن لە دەرپڕینی ناوەکە:**

وتی: ئەحمەد! لە عەشقا ئێستە وا تەماشا کە چلۆن بردم دڵی زارت بە
مەشهوورە ئوستادی عەییاری
(هەمان: ٢١٤)

شاعیر ناوی سڵاحەددینی ئەییووبیی، بۆ شوبهاندن و لێکچواندن لە باری پاڵەوانێتی و قارەمانێتییەوە هێناوە؛ لەم بەیتەدا حەیدەر کە مەبەست حەزرەتی عەلییە و یووسفیشی بەکار هێناوە بەڵام لە غەیری بانگهێشتدا:

بڵێ قوربانی تۆ بم ئەی بە زۆری پەنجە وەک حەیدەر بە سیما
سەلاحەددینی ئەییووبی! یووسفی سانی
(هەمان: ٢١٥)

یووسفی کەنعانی بۆ دەرپڕینی خۆشەویستیی لەڕادەبەدەر بەکارهێناوە:

بە سەری تۆ قەسەم ئەی یووسفی لێوی شیرینتە تووتیی
کەنعانی من! شەکەرئەفشانی من
(هەمان: ١٤٢)

**دەلالەتی بانگهێشت بە جێناوی ـم/ـەکەم**

ئەم حاڵەتە لە بانگهێشتدا زۆرتر لە واتای دەرپڕینی ئەوپەڕی خۆشەویستی و نزیکی و لە ناخی دڵودەروونداببوونی هێناوە. وەک لەم بەیتەدا دەردەکەوێت:

ئەحمەدە تەنها غوڵامی موخلیسی حەیفە مەیرەنجێنە مەیدە بێسەبەب تۆ چاوەکەم! جانی عەزاب

(هەمان: ٩١)

گیانەکەم! قوربانی تۆ بم تۆ بە بیکوژە ئەحمەد ئەگەرچی مردنی شمشێری برۆت بێوادەیە

(هەمان: ١٧٣)

وا مەزانە ڕۆحەکەم! تەنهام و لە عەکسی ڕووی تۆ مەجلیس‌ئارا و کونجی عوزلەتا زینەتی ئەیوانمە

(هەمان: ١٩٤)

**دەلالەتی بانگهێشت بە ناوی پیشە و پسپۆڕی:** دوو جار بانگی لە تەبیب کردووە، هەردوو جارەکەی بە ئامرازی ئەی هاواری لێکردووە و لە هەردوو حاڵەتەکەدا کاتێ بانگی تەبیب دەکا، بە دوایدا باسی مایەی ژین و حەیات و سەلامەتیی هێناوە: ئەی تەبیب! بۆچی موداوای زامی جەرگی من ئەکەی؟/باعیسی ژین و حەیات و سیححەتم یاری منە (هەمان: ٢٠٣)؛ نۆشی دارووی لێوی تۆیە ئەی تەبیبی حاڵزان!/باعیسی ژین و حەیاتی عاشقی ڕەنجوورتە (هەمان: ٢٠٥). هەروەها هەردوو جارەکە تەنیا نەخۆشی جیسمی مەبەست نەبووە و بەس، بەڵکوو سەری کێشاوەتە ناو جیهانی دڵودەروون و ڕۆح و ڕەوانی مرۆڤ و ئاماژەی بە ئاستەمی و ئاڵۆزیی نەخۆشی دەروونی و ڕەوانی کردووە. ئاماژە بەم مەبەستە لە بەیتی یەکەمدا لە زامی جەرگ و یار و لە بەیتی دووهەمدا لە وشەی حاڵ و عاشقی ڕەنجووردا دەبیندرێ.

**دەلالەتی بانگهێشت بە ساڕستە، ڕستە، عیبارەت**

شاعیر ئەم دۆخەی لە بانگهێشتدا زۆر جار بۆ داسەپاندنی سیفەت، حاڵەت و یا تایبەتمەندییەک بەسەر ئەو بانگکراوەدا خولقاندووە. وەک لەم بەیتەدا بەدی دەکرێ:

ئەوا ئەی سەروی نێو بوستانی دین! بە شەوقی کوڵمی گوڵ تۆ بولبولە بێجانەکەی دێوانەکەی خۆت هات خۆت هات

(هەمان: ٩٤)

بەڵام دیسان جگە لەوانە، شاعیر بەم جۆرە بانگهێشتە توانیویە واتاگەلێکی تریش بخولقێنێ. وەک:

**خۆشەویستی:**

نموونەی ڕوویی تۆیە فیدات بم ئەی بەنی جەرگ و پەڕەیی گوڵ پەڕەی دڵ!

(هەمان: ١١١)

گەر لە موڵکی حوسندا سوڵتانی ئەی خۆ منی بێچارە جانا! خادیمی یاری عەزیز! دەرگانەتم

(هەمان: ١١٨)

واسیتەی ڕێگەی نەجاتی قەومی ئەی نیساری مەقدەمی تۆ بن بە جارێ
دڵسووتاوی کوردا! ڕۆح و گیان!
(هەمان: ١٣٥)

**دەربڕینی تایبەتمەندی دەگەڵ ئەسڵ و نەسەبدا:**

ئەی نیگاری بێوەفا! ئەی شۆخی دوور لە تۆ کەی مەیلی گەشتی
هەورامی نەسەب! گوڵشەنی تارانمە؟!
(هەمان: ١٩٤)

**دەلالەتی بانگهێشت بە ئاوەڵناو و وشەی سۆزدارانە و هەڵوێستدار**

هەندێک جار شاعیر بۆ ناساندنی دڵبەرەکەی بە سیفەتێکی تایبەتی وەک بێبەڵێنی و بێڕەحمییەوە لەم حاڵەتە لە بانگهێشت کەڵکی وەرگرتووە:

بتی پەیمانشکێن! ئەی کافری بێڕەحم لە داخت ئەحمەدی بێچارە وا تەرکی
و بێمروەت! ژیانی کرد
(هەمان: ١٠٢)

لەم بەیتەی ژێرەوەدا بە ئاوەڵناو هەڵوێستی خۆی کە پڕ سووکایەتی و شکاندنی کەسایەتییە، سەبارەت بە بەردەنگ نیشان داوە:

ڕۆژێ بە پێکەنینەوە فەرمووی: دە بۆ پاسی نیوەشەو، سەگە قۆڵ-
بڕەوە هەڵکراوەکەم!
(هەمان: ١٢٩)

**2-3-7-دەوری هاونشینی لە پردەلالەت کردنەوەی بانگهێشتەکاندا**

زۆر جار شاعیر بە هێنانی وشەگەلی هاوتەریب و هاوسێ دەلالەتێکی چڕ و پڕی بە دەقەکەی بەخشیوە. «پێوەندی هاونشینی لە بنەڕەتدا بریتیە لە پێوەندی نێوان یەکەگەلێک کە لە لێکدراندا دەکەونە تەنیشتی یەکدییەوە و پێکەوە یەکەیەک لە ئاستێکی باڵاتردا پێکدەهێنن» (صفوی، ١٣٨٣: ٢٦). ڕەوتی هاونشینی دەبێتە هۆی چڕ بوونەوە و زێدەتر بوونەوەی واتا (قهرمانی و حسینی، ١٣٩٦: ١٤٢). بەم شرۆڤەیە کە شاعیر لە بانگهێشتەکانیدا سیفات و تەیبەتمەندی وای ڕیز کردووە کە لە باری واتاییەوە تەواو پێکەوە هاوگەرییان هەیە و بەو نیشتنە پەنای یەکە، دەلالەتەکەیان جوانتر و پوخت و پاراوتر دەردەکەوێت. وەک وەسف کردنی قەوم بە وەفادار لەم بەیتەدا کە باسی بیرئانینی بۆنەیەکی پێوەندیدار بە میللەتەوە دەکات:

شەشی ئەیلوول ئەزانن ئێوە ئەی ئەوە ڕۆژێ بوو دوژمن قەتڵوعامی
قەومی وەفادار! کوردەکانی کرد
(جاف، ٢٠١٩: ١٠٢)

یا وەک ئەوەی کاتێ تەبیب دەکاتە بەردەنگی خۆی و بانگی لێ دەکات، بە دەرمانگەر و شیفادەر وەسفی دەکات و ئەو پێوەندییە هاونشینییە بە جوانترین شێوە دەخولقێنێت:

ئەی تەبیب! بۆچی موداوای زامی باعیسی ژین و حەیات و سیحەتم
جەرگی من ئەکەی؟ یاری منە
(هەمان: ٢٠٣)

لە بەیتێکدا کە بە بۆنەی دامەزرانی یانەی سەرکەوتنەوە هۆنیویەتەوە، دەوری ئەم پێوەندیی هاونشینییە بە جوانی دەردەکەوێت:

باعیسی هێزی دڵ و پشت و یانەیی سەرکەوتنی قەومی
پەنایی بێکەسان! نەجیبی کوردەکان!

(هەمان: ١٣٥)

بەم شێوەیە هۆی هێز و دڵی لەگەڵ پشت و پەنای یێکەساندا کۆ کردۆتەوە و کاریگەری دەقەکە و قسەکەی گەیاندۆتە ئاستێکی بەرزتر و بەم ئافراندنە وێژەییە واتاکەی دەوڵەمەندتر کردۆتەوە.

**8-3-2- شێوەی بانگهێشتەکان بە پێی شوێنیان لە ڕستەدا**

بێگومان ئەوەی کە شاعیر چۆن بانگهێشتەکەی دەخولقێنێ و چۆن ئاراستەی بەردەنگی دەکات، ڕۆچنەیەکی زۆر گرینگ دەدات بە دەستەوە بۆ تێگەیشتن لە ڕوانگە و جیهان‌بینی و بیر و باوەڕی شاعیر (امیرخانلو، ٩٧: ٤٥). خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە بانگهێشتەکان لە کوێی ڕستەدا جێ دەگرن و چ جێگە و پێگەیەکیان لە گشتییەتی ڕستەدا هەیە. هەندێک جار دەق بە بانگهێشتەوە دەست پێ دەکا، هەندێک جار دەبینین کەوتۆتە نێوانەوە و هەندێ جاریش لە کۆتایی ڕستەکەدا جێی گرتووە. دیسان وردتر دەبینەوە تێدەگەین کە زۆر جار دەگەڵ بانگهێشتەکەدا دەستوور بە ئەنجامدان یا پارێز کردن لە کارێک هاتووە، یا خۆ ئاوات و ئارەزوو، دۆعا و گلە و سکاڵایەک وتراوە. دیارە بە پێی شوێنی لە ڕستەدا دەور و کارتێکەری و دەلالەتی دەگۆڕێ. لە سەرەتاوە واتای ئاگادار کردنەوە دەگەیێنێت، وەک:

قوربان! وەکوو خاکی بەری پێت ئەحمەد کە مەگەر دولبەری خۆی بێ
کەوتووە دایم لە گوزەردا

(جاف، ٢٠١٩: ٨٢)

لە ناوەڕاستدا بۆ دیاری کردنی بەردەنگ و هەروەها ئەوینداری و خۆشەویستی بەکاری-هێناوە:

لە تەختەی نەردی غەمتا خەریکی شەشدەری هات
ئەی نیگارم! و نەهاتم

(هەمان: ١١٥)

دیسان لە نێوانەوە بۆ سەرسوڕمان هێناویە:

بۆ فریبی دڵی ئەحمەد هەموو دەم حازرە یا ڕەببی! ئەو دولبەرە چەن
ئەو شۆخە مەککارە!

(هەمان: ١٥٣)

لە کۆتاییەوە بۆ دەربڕینی پەسن‌دان و تاریف‌دانەوە بە خۆشەویستییەوە کەڵکی لێ-وەرگرتووە:

تاریکیی زولفت بووەتە سا دەرخە توخوا مەسحەفی ڕووت ئەی
باعیسی کوفرم مەهی تابان!

(هەمان: ١٣٤)

لایەنێکی تر کە پێویستە دیاری بکرێت ئەوەیە کە لەگەڵ بانگهێشتەکاندا چ جۆر ڕستەگەلێک و بە چ واتاگەلێکەوە هاتووە. لێکۆڵینەوە لەم بوارەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لەگەڵیدا فەرمان و دەستوور، تەمەننا و ئارەزوو، ئاوات و دۆعا، تکا و لالانەوە و پاڕانەوە، هەواڵی نەرێنی، هەواڵی ئەرێنی، پرسیار، سەرسوڕمان و هان‌دان هاتووە. داکەوتی بانگهێشتەکە بە نیسبەتی ئەم ڕستە واتاییانە لە سێ حاڵەتدا دەردەکەوێت؛ یا کەوتۆتە پێشیانەوە، یا کەوتۆتە پاشیانەوە، و یاخۆ لە نێو دڵی ڕستەکەدا هاتووە. بە گشتی ڕستەکانی پاش و پێشی بانگهێشتەکە زۆرتر ئینشایی (ئافراندنی)ـە، واتە زۆرتر لەو چەند شێوازەیە کە لەسەرەوە ناومان بردن، تەنانەت هەندێ جاریش چەند ڕستەی ئینشایی

لەگەڵیدا هاتووە. وەک داوای کۆتایی پڕهێنان لە گوڵ –ئەڵبەت خاستنیشە لە دلبەر و دڵدار-:

توخوا ئەی گوڵ! بەسە تۆ ناز و عیشوە    چییە ڕەحمێ بکەی جارێ بە بولبول؟!
(هەمان: ١١١)

یا وەک دەستووردان بە ڕۆیشتن بەر لە بانگهێشتەکە:

بڕۆ ئەی وشکە سۆفی! با موبارەک بێ لە تۆ جەننەت    من و پیاڵەی شەراب و وەسڵی شۆخی با ویقاری من
(هەمان: ١٤١)

پرسیاری نەرێنی (الاستفهام الإنكاري) بە سەرسوڕمانەوە کە بانگهێشتەکە کەوتۆتە نێوان ڕستەکەوە:

چلۆن تەیری دڵم ڕزگار ئەبێ جانا! لە دەستی تۆ؟    کە خاڵت دانەیە و حەڵقەی ئەسیری زولفت وەک داوە
(هەمان: ١٧٩)

ڕستەی هەواڵدەر لە پێش و پاش بانگهێشتەکەوە:

هەر کەس کە عاشقی من ئەبێ ئەی شێتە! چاری مردنە    تۆ خەیاڵی شتێکی مەحاڵتە
(هەمان: ١٧٥)

دەستووری نەرێنی (النهي) کە بانگهێشت کەوتۆتە نێوانیەوە:

لە زولفت لازمە دیسان بدووم، لێم مەگرە مەحبووبم!    کە باسێکی درێژ و دوورە، گەرچی ئێستە تەکرارە
(هەمان: ١٦٢)

دەستووری ئەرێنی (الأمر) و هەواڵ لە پێش بانگهێشت و ڕستەی هەواڵدەر لە پاشیەوە:

لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کوردا! خەو زەرەرتانە    هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە
(هەمان: ١٩٢)

ڕستەی هەواڵدەر لە پێشەوە و دەستووری نەرێنی لە پاشیەوە:

ئەحمەدە تەنها غوڵامی موخلیسی تۆ چاوەکەم!    حەیفە مەڕەنجێنە مەیدە بێسەبەب جانی عەزاب
(هەمان: ٩١)

بانگهێشت لە نێوان ڕستەی پرسیاریدا و هەروەها ڕستەی هەواڵدەری نەرێنی پێش بانگهێشت و ڕستەی پرسیاری لە پاشیەوە، ئەمانە لەم بەیتەدا کۆ بوونەتەوە:

وتم: تا کەی لە حەق من چاوەکەم! تۆ بێ- وەفا و مەیلی؟    وتی: نازانی ئەحمەدا! ئێستەکە بێمروەتی باوە؟
(هەمان: ١٧٩)

شیاوی ئاماژەیە کە ئەحمەدموختار ١٠٩ جار بانگهێشتی ئاخنیوەتە نێوەڕاستی ڕستەکانەوە و ٥٥ جاریش لە سەرەتای ڕستەوە هێناویە و ٣٦ جار لە کۆتایی ڕستە و لە ٣٥

شوێنیشدا لە ناوەڕاستەوە هێناویەتی. ئەم هەژمارە دەتوانین لەسەر ئەو خشتەیەی خوارەوە ببینین:




**3- ئەنجام**

لێکدانەوەی بانگهێشت لە شیعری ئەحمەدموختاردا لایەنێکی گرینگ و شێوازناسانەی شیعرەکانی دەخاتەڕوو. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بە شێوەی پوخت و پاراو لەم چەند خاڵەدا دەگونجێت:

بانگهێشت یەکێ لە بنیاتە شیعرییەکانی ئەحمەدموختارە.

ئامرازەکانی بانگهێشت لە شیعری ئەحمەدموختاردا بریتین لە: ئەی، ـا، ئەی+ـا، ئەی+ە/ـە، ە/ـە/ـینە، وا، و بەبێ ئامرازی بانگهێشت.

ئەحمەدموختار لە ئامرازی ئەی ١١٦ جار، ـا ٦١ جار، ئەی+ـا ٣ جار، ئەی+ە/ـە ٣ جار، ـینە ٥ جار، یا ٥ جار، وا ٢ جار کەڵکی وەرگرتووە و ٤٥ بانگهێشتیشی بەبێ ئامراز بە کار هێناوە.

شاعیر لە بانگهێشت بە هەر ئامرازێک چەندین دەلالەتی خولقاندووە:

بە ئامرازی ئەی: بیرئانین، خوایشت و تەمەنا، خۆشەویستی و دڵبەستەیی، پەنابردن و داد و گازندە، لۆمە و تانە، هاودەردی و هەڵنانی هەست و سۆز، هەڕەشە و تێخوڕین، ئاگادارکردنەوە، بەگەورەزانین و ڕێزلێنان، حەسرەت و داخوکەسەر، سەرسوڕمان و حەپەسان.

بە ئامرازی ـا: ئاگادارکردنەوە، تکا/داوا/خوایشت کردن، خۆشەویستی و دڵسۆزی، ڕێزلێنان و بەگەورەزانین، لاڵانەوە و پاڕانەوە، سەیرمان و سەرسوڕمان (زۆرتر لەگەڵ ناوی خوادا)، ئارەزوو کردن.

بە ئامرازی ئەی+ـا: ئاگادار کردنەوە، دەربرینی خۆشەویستی وێڕای ئاگادار کردنەوە.

بە ئامرازی ئەی+ە/ـە: هاندان، هەڵنان، بەزە و ڕەحم و دڵسۆزی، هۆشداریدان و ئاگادارکردنەوە.

بە ئامرازی ە/ـە/ـینە: ئاگادار و وریا کردنەوە.

بە ئامرازی یا: ئارەزوو کردن، دۆعای خێر کردن، دۆعای شەڕ کردن.

بە ئامرازی وا: هاوارکردن لە کەسێ بە مەبەستی شین و واوەیلا کردن.

به ـم/ـەکەم: خۆشەویستی و هەستی نزیک بوونەوە.
بەبێ ئامراز: پەلە بۆ چوونەسەر بابەت، خۆشەویستی، دژایەتی، ناڕەزایەتی، نەفرەت، هانابردن، ئاگادارکردنەوە، هەڕەشە، دواندن و قسە لەگەڵ کردن.
هەروەها بە بانگ‌کردنی هەندێک وشە چەندین دەلالەتی خولقاندووە کە گرینگترینیان بریتین لە:
ناوی تایبەت: بەکەمزانین و دابەزاندنی کەسایەتی، لالانەوە و پاڕانەوە، سەرکۆنە و لۆمەکردن، ئاگادارکردنەوە، جوێ کردنەوە (التجريد)، خۆش هاتن و چێژ وەرگرتن، شوبهاندن، خۆشەویستی.
ناوی پیشە و پسپۆری: هاوارلێ‌کردن، دەربڕینی ئێش و دەرد.
ساڕستە، ڕستە و عیبارەت: داسەپاندنی سیفەت، حاڵەت یا تایبەتمەندییەک، خۆشەویستی، ئەسڵ و نەسەب.
ئاوەڵناو و وشەی سۆزدار: دەربڕینی خەسڵەت، سووکایەتی، شکاندنی کەسایەتی.
لێکدانەوەی بانگێشت لە شیعری ئەحمەدموختاردا لە باری دەروونناسییەوە دەرەوگەرابوون و کۆمەڵگەرابوون و نیشتمان‌دۆست بوونی ئەم شاعیرە پیشان‌دەدات.
هاونشینی وەک دیاردەیەکی واتاناسانە لە ئامرازاندنی دەلادەتی بانگهێشەکانیدا دەوری گێراوە.
بانگهێشەکان زۆرتر لە ناو دڵی ڕستەیەکی تردا جێیان گرتووە، ئنجا لە سەرەتاوە و لە پلەی دواتردا لە کۆتایی و لە ناوەڕاستەوە.
بە گشتی ڕستەکانی پاش و پێشی بانگهێشتەکان زۆرتر ئینشایی (ئافراندنی)ـە.

## سەرچاوە

قورئانی پیرۆز.
أبوحاقة، أحمد. ١٩٩٦. البلاغة و التحليل الأدبی. الطبعة الثانية. بيروت: دارالعلم للملايين.
اميرخانلو، معصومه. ١٣٩٧. سبک‌شناسی جملات ندايی در غزليات حافظ. فصلنامه تخصصی سبک‌شناسی نظم و نثر فارسی (بهار ادب). سال يازدهم. شماره اول. بهار ٩٧. شماره پياپی ٣٩. صص ٤٣-٥٨.
تاڵەبانی، شێخ ڕەزا. ١٣٩٢. دیوان. کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا. [بێ ناونیشانی چاپ].
التهانوی، بێ.ت. كشاف اصطلاحات الفنون و العلوم. بێ ناونیشانی چاپ.
جاف، ئەحمەدموختار. ١٩٨٦. دیوانی ئەحمەدموختار جاف. ئامادە کردن و بەراورد کردن و لێکۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نووسینی عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ. بە کۆششی ئەفراسیاب ئەحمەد جاف. بەغدا: چاپخانەی الأديب.
جاف، ئەحمەدموختار. ٢٠١٩. کۆبەرهەمی ئەحمەدموختار. کۆکردنەوە و ئامادە کردنی کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین). سنە: ڕۆژ.
حەمیدعەبدولکەریم، عەبدولکەریم. ٢٠٠٠. ئەحمەدموختار بەگی جاف شاعیر و مرۆڤ. سلێمانی: سەردەم.
حیلمی، ڕەفیق. ٢٠١٠. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. ٢ بەرگ. چاپی دووهەم. هەولێر: ئاراس.
السامرائی، فاضل. ٢٠٠٠. معانی النحو. ٤ ج. الطبعة الأولى. عمان-الأردن: دار الفكر.
سيبويه، أبوبشر عمرو بن عثمان بن قنبر. ١٩٩٨. الكتاب. تحقيق عبدالسلام هارون. ج. ١. الطبعة الثالثة. القاهرة: مكتبة الخانجی.

شمیسا، سیروس. ١٣٩٣. بیان و معانی. چاپ چهاردهم از ویراست دوم. تهران: میترا.
صفوی، کوروش. ١٣٩٠. از زبان‌شناسی به ادبیات. جلد دوم. چاپ سوم. تهران: سوره مهر.
عبدالعزیز قلقیلة، عبده. ١٩٩٢. البلاغة الاصطلاحية. الطبعة الثالثة. بیروت: دارالفكر العربی.
فاضلی، محمد. ١٣٦٥. دراسة و نقد فی مسائل بلاغية هامة. چاپ اول. مشهد: مؤسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی.
فاضلی، محمد. ١٣٦٧. «اسلوب‌های ندا و نفی جنس در نقد و تطبیق». مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی مشهد. سال بیست یکم. شماره چهارم. صص ٥١١-٥٣٦.
فرشیدورد، خسرو. ١٣٨٢. دستور مفصل امروز. تهران: سخن.
قهرمانی، علی؛ حسینی، صدیقه. ١٣٩٦. مرثیه ابوالبقاء الرندی در آیینه نقد رتوریک. پژوهشنامه نقد ادب عربی. شماره ١٤ (٧٢/٦).
کزازی، میر جلال الدین. ١٣٩٣. زیباشناسی سخن پارسی ٢ معانی. چاپ دهم. تهران: نشر مرکز.
نالی، ئەحمەدی شاوەیسی میکایەلی. ١٣٩٢. دیوان. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس. چاپی نۆهەم. سنە: بڵاوکەرەوەی کوردستان.
الهاشمی، أحمد. ١٣٧٩. جواهر البلاغة فی المعانی و البیان و البدیع. الطبعة الأولی. قم: نشر بخشایش.
هەژار، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی. ٢٠٠٩. چێشتی مجێور. نویسیار ماجد مەردۆخ-ڕۆحانی. چاپی سێهەم. سنە: کتێبی میهرگان.